گوڵبژێرێک

لە پەروەردەی نەفس

منتدى إقرأ الثقافى
www.iqra.ahlamontada.com

نووسینی
کاروان کەمال کوردی



گولبژێرێک
بۆ ڕێنیشاندانی موسڵمان

" لەتێگەیشتنێکی ژیر بۆ عیلم و زەواج و برایەتی ئیمانی "

نوسینی: کاروان کەمال

ناسنامەی کتێب

ناوی پەرتووك : گوڵبژێرێك بۆ ڕێنیشاندانی موسڵمان لەتێگەیشتنێکی ژیر بۆ عیلم و زەواج و برایەتی ئیمانی

نوسینی: کاروان کەمال کوردی.

پێداچوونەوەی: هەندرێن هەژار نەجار

ژمارەی پەڕە: ١٠٥

ساڵ: ١٤٤٤هـ

ناونیشانی کەناڵ لە تەلەگرام: https://t.me/karwankamall١

گوڵبژێرێك

بۆ ڕێنیشاندانی موسڵمان

لەتیگەیشتنێکی ژیر بۆ عیلم و زەواج و برایەتی ئیمانی

نوسینی: کاروان کەمال کوردی


بسم الله الرحمن الرحيم

پێشەکی

بِسْمِ اللَّـهِ الرَّحْمَـٰنِ الرَّحِيمِ

إِنَّ الْحَمْدَ لِلهِ نَحْمَدُهُ وَنَسْتَعِينُهُ وَنَسْتَغْفِرُهُ، وَنَعُوذُ بِاللهِ مِنْ شُرُورِ أَنْفُسِنَا وَمِنْ سَيِّئَاتِ أَعْمَالِنَا، مَنْ يَهْدِهِ اللهُ فَلاَ مُضِلَّ لَهُ، وَمَنْ يُضْلِلْ فَلاَ هَادِيَ لَهُ، وَأَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللهُ وَحْدَهُ لاَ شَرِيكَ لَهُ، وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ

أَمَّا بَعْدُ:

فَإِنَّ خَيْرَ الْحَدِيثِ كِتَابُ اللهِ، وَخَيْرَ الْهَدْيِ هَدْيُ مُحَمَّدٍ صلى الله عليه وآله وسلم، وَشَرَّ الأُمُورِ مُحْدَثَاتُهَا، وَكُلَّ مُحْدَثَةٍ بِدْعَةٌ، وَكُلَّ بِدْعَةٍ ضَلاَلَةٌ،

ئەو کتێبەی بەردەستتان کۆکراوەی کۆمەڵێك بابەت و ئامۆژگارییە لە زۆرینەی بوارەکان، لە (هەوڵدان بۆ عیلم و هاندانی فێرخواز و ڕەخنەگرتن لێیان ، هەروەها لە بواری تەزکیە و برایەتیی و زەواج و پڕۆسەی هاوسەرگیری)

چەندان باس بە تێرو تەسەل لەخۆ دەگرێ، دەکرێ بڵێین پەخنەیە، بەڵام چارەسەریشی بۆ دانراوە.

گۆڵبژێرێك بۆ فێرخوازی زانستی شەرعی

سەیرکەن و وردبنەوە لەو شتانەی لە دەوروبەرتان هەن، لە هەموو شتە ماددی و مەعنەوییەکان ، ئەوانەی بەچاو دەیانبینی، ئەوانەشی بەچاو نایانبینیت ، ئەوانەی دوورن و ئەوانەی نزیکن.

هەر هەموویان پێگەیەکیان هەیە لەلات، ئینجا باش بێت یان خەراپ.

کاتێک بەڕێگایەکدا دەڕۆیت سەیری شەقام دەکەی پارچە ئاسنێکی زەرد زەرد کەوتووە، ڕاستەوخۆ مێشک ئیعاز دەدا کەوا چ پێگەیەکی هەیە، شتێکی زەردە و ئاسنە بۆیە بەهۆی بەهاکەی ناتوانی ڕاستەوخۆ جێی بێڵیت تا ئەو کاتەی دڵنیا دەبیتەوە ، کەواتە پێگەکەی ناچاری کردی گرنگی پێبدەی، بۆچی ؟

چونکە دەکرێ ئەو پارچە ئاسنە(زێڕ) بێت.

بەڵام تۆ بە هەمان شەقام تێپەڕی و هەمان پارچە ئاسنت بەدی کرد، بەڵام سپی و شتێکی ئاسایی بوو ، ڕاستەوخۆ مێشک ئاگادارت دەکاتەوە کەوا بەهاکەی چییە و چۆنە ، بۆچی؟ چونکە پێگەی زانراوە و ئاشکرایە لات، لەبەرئەوەی هیچ بایەخێکی نییە.

کەواتە بێبایەخی هەمان پارچە ئاسن تۆ ناچار دەکات نەك سەیری بکەی و دڵنیابیتەوە، بەڵکو پێیەکانیشت دەخەیتە سەری و هیچ گرنگی پێنادەی.

بەهەمان شێوە:

کاتێ لە شوێنێکی قەرەبالّغی لە نێو ئاپۆڕای سەدان کەس، چاوت ئەو کەسە دەبینێت کە مێشک پێتدەڵێ بایەخ و پێگەی هەیە ، کەواتە هەمیشە چاو شتە گرنگەکان دەبینێ.

گەر زیاتر وردبینەوە و بەراوردی خۆمان بکەین ، دەڵێین لەنێو تێکڕای مرۆڤ لەسەر زەوی تۆ بە ئیسلام هەڵبژێردراوی ، لە تێکڕای ٧٢ فیرقە تۆ لەسەر مەنهەجی سەلەفی ، ئەوەشیان گەورەترین نیعمەتە ، لەنێویشدا تۆ بە فێرخوازی زانستی شەرعی هەڵبژێردراوی ، کە ئەمەش گەورەترین نیعمەتە و ئاماژەی یەکلاکەرەوەیە کە تۆ لەوانەی اللە خێروچاکەی بۆت ویستوە بە بەڵگەی (مَنْ يُرِدِ اللَّهُ بِهِ خَيْرًا يُفَقِّهْهُ فِي الدِّينِ).

چ نیعمەتێک لەدونیا لەوە گەورەترە لە ئێستا لەو سەردەمی فیتنە و فەسادیە و شەوەزەنگی تاریکی گومڕایی، تۆ فێرخوازی زانستی شەرعی بیت و لەسەر مەنهەجی سەلەف بی ؟ بڕوابکەن بە پارە و ئاڵتون بەراورد ناکرێ و ناتوانرێ نرخی بۆ دابنێی .

چونکە هەزارانی تر و سەدان هەزاری تر هەن کە فێرخوازی زانستی شەرعین،بەڵام لەسەر مەنهەجی سەلەف نین، ڕێگایەکی تریان گرتووەتەبەر، دەخوێنن بەڵام تێناگەن ، ماندوو دەبن بەڵام سوودی نابێ خۆ ئەگەر واشبن دەکەونە ژێر ئایەتی (وَقَدِمْنَا إِلَىٰ مَا عَمِلُوا مِنْ عَمَلٍ فَجَعَلْنَاهُ هَبَاءً مَّنثُورًا) دووبارە مالّ وێرانییە ، کەواتە لەئێستادا بۆت دەرکەوت چ پێگەیەکت هەیە ، کە بۆت ڕون بۆوە ، چ پێگەیەکت هەیە ئینجا دەبێ لەوانە بیت کە سوپاسگوزار و شاکیرن .

چۆن سوپاسگوزار نابیت کە هەڵبژێردراوی ، فێر کراوی ، تێگەیەندراوی .

ئامانج لەهەوڵدانت بۆ فێربوون چیە ؟

پێشەوا مالك دەیگوت:

مَا تَعلَّمْتُ العِلْمَ إِلاَّ لِنَفْسِي، وَمَا تَعلَّمتُ لِيَحْتَاجَ النَّاسُ إِلَيَّ، وَكَذَلِكَ كَانَ النَّاسُ.

واتە ئەو زانستە فێر نەبووم مەگەر بۆ نەفسی خۆم نەبێ ، واتە نەفسی خۆمان زۆر لە پێشترە بۆ ڕزگارکردنی لە جەهل وەک لە کەسانی تر.

کەواتە ئامانجی تۆ لەهەوڵدانت بۆ فێربون بریتییە لەوەی نەفست ڕزگار بکەی، نەک بۆ ئەوەی تاوەکو خەڵك پێویستیان پێمان بێ و لەبەردەرگامان بکەون.

هەروەها فێرخوازی زانستی شەرعی وەک چۆن پێگە و فەزڵی هەیە بەهەمان شێوە پێویستە لەڕووی ئەدەب و ڕەوشتەوە جیاواز بێ و لە لوتکە بێ، تەنانەت دەبێ زۆر ورد بێ لەهەڵسوکەوت ، لە جوڵە و مامەڵەکردنی.

وەک لەپێشدا باسمان کرد، تۆ ئەو کەسەی کەوا خەڵک لەنێو ئاپۆڕای سەدان کەسی تەنها تۆ دەبینن و، دەتخوێننەوە و قسەت لەسەر دەکەن ، خەڵک بەلایانەوە گرنگ نییە فلان شتێکی هەڵە یان تاوانێکی کرد، هەر باسیشی ناکەن ، بەڵام کە تۆ هەڵەت کرد، ئیدی تەواو تەنها تۆ دەبینن ، ئەها فلان کەس بە حیساب بانگخوازە و فێرخوازی زانستی شەرعییە ، کەچی ئەوەش حاڵیەتی !! نیشانەی پرسیارت دەکەوێتە سەر.

ناحەق نین، چونکە اللە چاکەی بۆت ویستوە بەڵام تۆ ناتەوێ ، لەجیاتی ئەوە خیانەت دەکەی و دینەکەت بۆ ناوبانگ و ڕیا و خۆدەرخستن بەکاردێنیت ، ئافرەت بی پیاوی پێ هەڵدەخەڵەتێنیت ، پیاو بی ئافرەتی پێ هەڵدەخەڵەتێنیت ، خەڵکی ساویلکە ئیستیغلالی دەکەی ، پارەی پێ کۆدەکەیتەوە ، ئەمانە ماڵ وێرانی تۆیە گەر وابی.

من نالێم دەبێ خەڵك لەخۆمان ڕازی کەین، چونکە ڕازی نابن، بەڵام دەبێ لەپێش زانستەکەمان ئەدەبەکەمان نیشانی خەڵک بدەین ، بۆ ئەوەی بزانن ئاکار و ڕەوشتی ڕاستی فێرخوازی زانستی شەرعی زۆر جیاوازترە لەکەسانی تر،

چونکه بڕوابکەن گەر بە ڕەوشتێکی بەرزەوە عیلم بەیان نەکەین عیلمەکە بۆخۆمان و خەڵکیش سوودی نابێ.

زۆرینەی پێشەوایان لە کتێبەکانیان بەشێکیان داناوە بەناوی ئەدەب و دەڵێن : دایکی مالیک بە مالیکی دەگوت : کوڕم پێش عیلمەکەی ئەدەبەکەی لێوەرگرە ، بێگومان زۆرینەی پێشەوایانی سەلەف وابون.

پێویستە هەمووتان خۆتـان لەگەڵ علم بگونجێنن، نەك علم لەگەڵ خۆتان بگونجێنن.

واتـــــە چـــــــۆن ؟

ئـەوەی لێرەیـە فێرخوازە، لە سەرەتـــا هەموو فێرخوازێك گەرم و گوڕی پێوە دیارە، بەڵام دواتر بەهۆی نەزانینی چۆنیەتی خۆگونجانی لەگەڵ علم وردە وردە دادەبڕێ و وازدێنێ.

هەندێکتان خاوەن خێزان و پیاوی خێزاندارن، هەندێکتان ئافرەتی ماڵن ئـافرەتی خاوەن پیاو و منداڵ، هەندێکتان کوڕی گەنجن، هەندێکیشتان کچی گەنج، هەندێکتان بەتەمەن گـەورەن **هەندێکتان** بچووکتر ، پێویستە لەسەرتان خۆتان لەگەڵ علم بگونجێنن، **گەرنـا** ناتوانن بـەردوام بـن، با بزانین چۆن ؟

تۆ کە پیاوی خاوەن ماڵ و منداڵی ئەرکت قورسە، پێویستە دەرچەیەك بدۆزیەوە، بۆ نمونە : لە ئیشەکەت سەیر بکە بزانە ڕۆژانە چەند مەجالت دەبێ بە زستان، چەندیش بە هاوین، پێش هەموو شت کەچوویتە ئیش کاتێ مەجالت بۆ ڕێك کەوت هیچ مەکە ڕاستەوخۆ بچۆ سەر قورئـان

حفظ ی بکه بەپێی توانا، ئەویتریش مراجەعه، ئینجا بۆ فەرموودە و ئەوانی تر، گەر کارەکەت مەجالی هەبوو فەرموودەکەش لەوێدا بکه، تۆ جگه لەو دوو دەرسه زیاتر هیچی تر ناکەی، شەویش دابنێ بۆ ئەوانی تر و مراجەعەیان پێویسته تۆ وەك طالب العلم قوربانی بدەی، یەکێک لەوانیش هاتووچۆت کەم بکەوه له پێناو علم، گەر هاتووچۆ و سەردانیت کەم بێ خەڵکیش کەم دێته لات، چونکه ئەوه گرنگترین شته، ئەگەر وانەکەی له لەزەت و شیرینی علم بێ بەش دەبێ و ناتوانی، با هاتووچۆت هەبێ تەنیا لەگەڵ طالب العلم یان ئەوکەسەی لای دەخوێنی، چونکه هەم سیلەی ڕەحمه و هەمیش سوودی علمه، ئەوه بۆ پیاو.

بۆ ئافرەتی خاوەن مێرد و منداڵ، تۆ بەڕۆژ مەجالت هەیه پیاوت لەماڵ نییه، هەوڵده ئەوەی واجباته تەواوی بکەی، یەکەم شتت با قورئان بێ، ئینجا فەرموودە ئینجا عەقیدە، بۆ شەو تەنیا سووکه مراجەعەیان بکەوه، چونکه ناکرێ تۆ شەوان ئەرکی مێرد فەرامۆش بکەی خەریکی دەرس و دیراسه بیت، بەتایبەت مێردەکەت گەر وەك تۆ طالب العلم بێ ئەوه نیعمەتە، چونکه هەردووکتان غافڵ دەبن به علم و کەس گلەیی لەویتر

ناکـات ، بەڵام گەر جاهیل و عەوام بێ ئەوە شتێکی تر ە .. ئەوەش بـۆ ئافرەتان بوو.

ئـەوەی دەمێنێتەوە کوڕی گەنج و کچی گەنج پەیوەستبونی هەردووکیان پێکەوە باس دەکەم .

ئێوە مەجالتان زیاترە و کاتتان زیاترە و، مێشکتان سافترە، بەڵکو حفظ یشتان باشترە، بۆیە پێویستە ئەو کاتە بکەنە دەسکەوت لە جیاتی فەرموودەیەك دوو حفظ بکە، لە جیاتی ئایەتێک دووانیان، بەو شێوەیە ،

لەهەمووی گرنگتر پێویستە ڕەچاوی ئەوە بکەن تۆی طالب العلم یان طالبة العلم دەبێ بیر لەوە بکەیەوە گەر بڕیاری هاوسەرگیریتان دا دەبێ وەک خۆتان بێ، نەك جاهل بێ، چونکە تۆ کە ژنت هێنا یان شووت کرد ڕاستەوخۆ کەسی دووەم کاریگەریەکی جددی دەبێت لەسەرت و، دەبێتە هۆی لەباربردنی علم و نەهێشتنی ئاسەواری ، سەیری پێشەوا سعید بن المسیب بکەن کاتێ کە ئەمیری ئەوکات دەچێتە داوای کچەکەی نایداتێ ، بەڵام خۆی بە یەکێک لە قوتابیەکانی دەڵێ کە خاوەنی هیچ نییە و هیچی نییە تەنیا طالب العلم بوو لای، ئیدی پێشکەشی دەکات و خۆشی

بەدەستی خۆی دەیباتەوە ماڵی کوڕەکە، کچەکەشی طالبة العلم بوو هەڵگری علمی باوکی بوو ،

دەڵێن : ئیمامی ئەحمەد کاتێ خاڵۆژنی ڕادەسپێرێ بۆ ئەوەی خوازبێنی بۆ بکات دەچێتە ماڵێک دوو کچیان هەیە، یەکێکیان بچووک و زۆر جوان و سەرنجڕاکێش و دڵڕفێن، ئەویتر گەورە و ڕەش و یەک چاوی هەبوو چاوێکی کوێر بوو، بەڵام خاوەن علم بوو ، خاڵۆژنی بچووکەکە هەڵدەبژێرێت و دەچێتەوە لای ئیمام ئەحمەد و پێی دەڵێ ئەویش دەڵێ نەخێر بڕۆ گەورەکەیان هەڵبژێرە، دواتر ئەو ئافرەتە عبدالله و صالح پەروەردە دەکات دوو پێشەوای ئوممەت . (نازانم تاچەند ڕاستە ، بەڵام مشهورە)

بۆیە پێویستە ئەو خاڵانە ڕەچاو بکەی و جێبەجێی بکەی، گەرنا ناتوانی بەردەوام بی.

بیانوە بێ بنەماکان لەپێناو خۆ دزینەوە لە عیلمدا.

کـــاتت هەیـە لە جیـاتی ئیشێك ڕۆژانـە بچیتە دوو ئیش.

کـاتت هەیە دە سەعات لە پێناو پارە و ماڵی دونیا لەیەک شوێن بوەستی.

کـاتت هەیە شانزە ساڵ شەو و ڕۆژ لەپێناو شەهادەیەکی دونیایی بخوێنی.

کـاتت هەیە سێ سەعات بەدیـار فەیسبووك بیت لەو کۆمێنت بۆ ئـەو کومێنت، لەو جیدال بۆ ئەو لەغو و بـۆ ئـەویتر.

کـــاتت هەیە بچیتە دەر گەڕان و سەفرە و پیاسە و هەموو شتێک، نەك کـــاتت هەیە بەڵکو توانات هەیـە و بەخۆشخاڵییەوە.

[ئـەمانە هەمووی شتێکی ئاسایین و حەڵاڵن] .

بەڵام تۆ بزانە چ نیفاق و مەتاع و لەهوێك لە دڵتدا چەسپاوە، داماو و ڕەنجەڕۆ بـۆ هەموو ئـەوانە کـاتت هەیە و توانات هەیە و پێی دڵخۆشیت ، بەڵام بـۆ قورئـان و حەدیث و عیلم کـاتت نیە!

پێی دەڵێی وەرە قورئـان و حەدیث حفظ بکە ؟ دەڵێ کاتم نییە ،حفظ م خەراپە، پێم نـاکرێ ،لە ئیشم بێمەجالم ، مێشکم وەری ناگرێ هتد... دەیان عوزری تری بێ مانا.

داماو تۆ پەنجەڕۆ بوویت کـە بۆ دونیا کاتت هەیە و بـۆ قیامەت نەتبێ!

هەر تۆی گەر بڵێن قورئـان و حدیث حفظ بکە پارەی تێدایە و شەهادەی بەرزت پێدەدرێ ، بەکەمترین ماوە ئامادەی دەکەی لەپێناو بەرژەوەندی دونیـایی ،نەك قیـامەتی.

ئامادەی زەلیلی بۆ هەموو شت بچێژیت لە پێناو دونیا، ئامادەنیت ڕۆژانە سەعاتێ لەپێناو عیلم[کە علم واتە دین] ئەزیەت بکێشیت!

یەکێ لە سەلەف دەڵێ:

گەر نەتوانی سەعاتێک زەلیلی بۆ فێربونی عیلم بچێژیت ،

تاوەکو مردن دەبێ زەلیلی جەهل بچێژیت.

دینداری دەکەی ؟ بەدبەخت تۆ مانگێک شتێکت لا حەڵاڵە و مانگێکی تر حەرام ! ساڵێک لەسەر پەتێکی، ساڵێکی تر پەتێکی تر، بـۆچی ؟ چونکە بێ عیلمی و لە دین نازانیت، هەر ناشتەوێ لێی بزانیت

، گەر طالب العلم بیت ئەو حەڕامەی ئەمڕۆ لات حەڕامە، بیست ساڵی تر هەر حەڕامـە، چونکە ئەحکامی شەریعەت جێگیرە، ئەوە عەقڵی تۆیـە بەهۆی جەهل و بێ عیلمی هەر ڕۆژە و ڕووت لە ئاڕاستەیەکە.

ئەوانەی باسمکرد هەمووی حەڵاڵە، بەڵام لەو کاتەدا عیلم و دینی بۆ نەکرێتە قـوربـانی.

فێرخوازی شەرعی ڕاستی تۆی، کە حافظ ی، تۆ کۆمەڵی ڕزگار بووی تۆ ئەوەی کە پێت دەڵێن : طوبی للغرباء، دڵنیابە و یەقینت هەبێ، بەڵام بەو مەرجەی لەسەر مەنهەجێکی پاکی خیر القرون بیت.

خەڵك ئـەمڕۆ هێندە تـەمبـەڵـە.

ئـامادەیـە هەموو شتێـك بـکـات تەنیـا هەوڵ بـۆ فێربـونی عیلم نـادات ، شەو و ڕۆژیـان لەسەر یـەك داناوە بـۆ هەواو هەوەس و ئـارەزووەکـانیان ، بـەڵام ئـامادە نیـن قوربـانی بدەن لە پێنـاو عیلم ، مێشکت هەموو شت وەردەگرێ و دەیخوێنتەوە و، دەیبیستێ تەنیـا عیلم نەبێ ! تەنیـا لە عیلم دەڵێ مێشکم وەر نـاگرێ !

مێشكێك قورئـان و حدیث وەرناگرێ بـۆچییە ؟ دڵنیـابە پڕە لەهەواو هەوەس، گەرنـا بۆچی فڵان و فیسـار وەك تۆن و مێشكیان وەری دەگرێ ، گەر بڵێی ئـەوان زیرەكن ڕاست ناكەی.

فێڵ لە نەفست دەكەی، چونكە ئـەوان قوربانی دەدەن بۆ فێربون و چەندان سەعات زەخت لەمێشكیـان دەكەن بـۆ ئەوەی بە زەخت و زەبـر قـورئـان و حدیث وەربـگرێ.

وادەزانیت دانیشتنت بەدیـار پۆستی فەیسبـووك و سەیركردنی شەڕە كـۆمێنتی خەڵك بـۆت بە طلبي علم دەنوسرێ ؟

نەخێر والله تـۆ طالب العلم نیت، مەگەر بەوە نەبی كە حفظ دەكەی و، دەیخوێنیەوە و، خەزنی دەكەی و كاری پێدەكەی.

كێشەكـە ئەوەیـە نایانەوێ فێربـن، بانگیان دەكەی لێی ڕادەكەن.

(كَأَنَّهُمْ حُمُرٌ مُّسْتَنفِرَةٌ) .

هەڵبەتە تێنەگەیشتون لەگرنگی و گەورەیی و پێگەی عیلم.

ئـەگەر حفظ هیچ نەبێ بـۆچی باشترین و چاکترینی نێو هاوەڵان حافظ قورئـانەکان بون ؟ بـۆچی حفاظي حدیث لەنێو هاوەڵان زاناترینیان بون ،

فێڵ لەنەفسی خۆتان مەکەن بڵێن حفظ ی قرآن و حدیث هیچ نین گرنگ شوێنکەوتنە ، سەیرە زۆریش تۆ گەر فێرخوازی شەرعی نەبی و قورئـان نەخوێنی و، تەفسیری نەخوێنی، چۆن و بەچی دەزانی چ شتێك حەقـە ؟

گەر حدیث نەخوێنی و سەیری نەکەی و، خەزنی نەکەی چۆن و بەچ شێوەیەك لەسەر سوننەت دەبی و، شوێن سوننەت دەکەوی ؟

هەوڵدانت بۆ فێربون و تەڵەبی عیلم خۆی لەخۆیدا شوێنکەوتنی سوننەت و شانازییە بـە سەلەفی ئوممەت، لە خیر القـرون و قوتابیەکـانیان.

بۆ ئەوەی لە کۆمەڵی ڕزگاربوو بیت لەسەردەمی فیتنەدا.

گەر دەتەوێ لەکۆمەڵی ڕزگـاربوو [الفرقة الناجية] بیت ئەوا دەستبگرە بە عیلم و لێی دامەبڕێ ، دڵنیابـە دابڕانت ونبونتە، وێڵبوون و سەرگەردانییە.

هەروەها زانستیش واتـە دین، دوورکەوتنەوەت لە عیلم واتـە دوورکەوتنەوەتە لە دین.

ئـەوەش بزانن تام و لەزەتی ڕاستی علم تەنها لە حفظ دایـە، چونکە زۆرترین ماندووبوونی تێدایە، بەڵکو زۆرترین پاداشتیشی لەسەرە.

خودی عیلم و، ناوەڕۆک و بنەچەی علمەکان لێرەدایـە، وریابن وەك سەلەف دەڵێن : **أشرف العلوم حفظ المتون.**

لـەوانەیە ئەو قسانە بکەن، دڵنیابن واش دەڵێن، چونکە هەستی پێناکەن تـا کاتی خۆی دێ دەڵێن : حفظ چ سوودی هەیە بێ تێگەیشتن و تەدەبور ؟

بەڵێ ڕاستە، بەڵام ئەسڵەکە لە حفظ دەردەچێ، کڕۆکی باس و بابەکان تەنانەت تێگەیشتن و خوێندنەوەکانیش هەر حفظ ـە ، تۆ کاتێ کتابی فیقهی دەخوێنیەوە ئـــا لێرەدا گرنگیەکەی دێتە پێش، چونکە لەهەر باس و بابێک فەرموودەیەک و دووان دانراوە، تۆش خەزنت کردووە لە سینەت، کەواتە لێرەدا تێدەگەی بۆ چییە وچۆن بەکاری دێنیت ، بەڵگەشت ئامادەیە هەم خۆت تێدەگەی بەئاسانی، هەمیش کەسی بەرانبەر ڕازی دەکەی بە بەڵگە و قسەی پێ ناهێڵیت.

دەچیتە سەر کتێبی عەقیدەیی، لە باب و باسەکان ئایەتەکان بە جیاواز دانراون ، تۆ ڕاستەوخۆ تێدەگەی ئەو ئایەتە شوێنەکەی ئێرەیە و بۆ ئێرەیە، نەگ جێگای تر، هەم خۆت و هەمیش بەرانبەر تێدەگەیەنیت.

دواتر لە ئوسوڵە عەقیدەییەکانی سەلەف کە قسەی پێشەوایانە، ئەمەش کە سەیرت کردووە و حفظت کردووە تێدەگەی بەپێی فلان ئایەت و فلان فەرموودە وادەڵێ.

ئینجـا لە کۆتایی بە یارمەتی اللە عزوجل کاتێ دەدوێی لەهەر باسێ ئایەتێک لەو بابە دێنیت، ئینجا دەچیتە سەر حەدیث و دەڵێی ئەمە بیروباوەڕی پێشەوا فلان و فلانە،لە فلان جێگا نەقڵی دەکەن.

ئەوەیە عیلم و حەقیقەتی طالب العلم، پڕاوپڕ له عیلم و بەڵگە.

جیاوازیەك لەنێوان طالب علم و کەسێکی ئاسایی

بۆچی هەمیشە پێداگرم لەسەر ئەوەی موسڵمان دەبێ هەوڵی فێربوون و خۆ پێگەیاندن بدات لە زانستی شەرعی و دین، وازنەهێنی مەگەر بە مردن نەبێت، وەکو چۆن سەلەفی ئوممەت وازیان نەهێناوە تەنها بەمردن نەبێت، هەندێکیشیان پێش مردن بەهۆی زۆری تەمەنەوە...

کە دەگوترێ دین، واتە عیلم، عیلمیش بەشێکە لە دین، هەڵبەتە هەردەبێ پێکەوە بن.

جیاوازی عەوامێکی سوننی هیدایەتدراو لەگەڵ فێرخوازێکی شەرعی لێرەدا بەو شێوە:

بەهۆی فێربوون و، شارەزابوون و گەورەبوون لە نێو عیلمدا فێردەبی چۆن بژی و.چۆن بدوێیت، چۆنیش بێدەنگ بیت.

ژیان بە عیلمەوە زۆر جیاوازترە لەوەی بێ عیلم بی، هەرچەند هیدایەتدراویش بیت.

بەهۆی عیلمەوە جوانتر و ڕێکتر بیردەکەیتەوە، بەهۆی عیلمەوە وردتر و لێهاتووتر دەبیت لە بڕیار و پێش بڕیار، جا دەری نابڕی مەگەر دوای لێکۆڵینەوە نەبێ لەمێشکتەوە .

ئەوە عیلمە، شارەزابوونتە لە دین، فێرت دەکات کەوا ئەگەر پیاوی چۆن بژی بە پیاوانە، ئافرەتیش چۆن بژی بەو شێوەی سوودی دونیا و قیامەتی تێدایە.

هەمیشە عیلم هەڵگرانی حەقیقی بەرز دەکاتەوە، سەیرکەن پیاوێکی ڕیشدار لەدوورەوە دەبینی دڵت پێی خۆشدەبێ، چونکە بەشێک لە سوننەتی تێدایە، بەڵام کە دەیدوێنی بە جەهلەوە گوفتار دەکات، لەخۆڕا نزم دەبێ لەلات.

فَقَالَ يَوْماً: لَوْلاَ القُرْآنُ، وَهَذَا العِلْمُ عِنْدِي، لَكُنْتُ مِنْ بَقَّالِي الكُوْفَةِ.

جَاءَ رَجُلٌ نَبِيْلٌ، كَبِيْرُ اللِّحْيَةِ إِلَى الأَعْمَشِ، فَسَأَلَهُ عَنْ مَسْأَلَةٍ خَفِيْفَةٍ فِي الصَّلاَةِ.

فَالْتَفَتَ إِلَيْنَا الأَعْمَشُ، فَقَالَ: انْظُرُوا إِلَيْهِ، لِحْيَتُه تَحْتمِلُ حِفْظَ أَرْبَعَةِ آلاَفِ حَدِيْثٍ، وَمَسَألتُه مَسْأَلَةُ صِبْيَانِ الكُتَّابِ.

پیاوێکی خانەدان هاتە لای أعمش، پرسیاری باسێکی ئاسانی لێکرد دەربارەی نوێژ ، اعمش ڕووی وەرگێڕا و بە ئێمەی گوت: سەیری بکەن، ڕیشەکەی هی ئەوەیە ٤ هەزار فەرموودەی لەبەربێ، کەچی پرسیارەکەی وەک پرسیاری منداڵانە کاتێ شت دەنوسنەوە.

بوخاری دەڵێ : من دەڕۆیشتمە لای فەقیهەکان لە (مروَ) ئەوکات منداڵ بووم.

کاتێک دەڕۆشتمە لایان شەرمم دەکرد سەلامیان لێبکەم ، یەکێکی بەڕەوشت لەو بنەماڵەیە پێیگوتم : ئەمڕۆ چەندت نوسیوە ؟

گوتم دوو ،مەبەستم دوو فەرموودە بوو ،

یەکێک لەوانەی دانیشتبوو پێم پێکەنی.

یەکێ لەشێخەکانیان پێیگوت : پێی پێمەکەنە ، کێ دەڵێ دواتر ئەو بەئێوە پێناکەنێت.

بێگومان قسەی ئەو شێخە ڕاست دەرچوو ، بۆیە هەرگیز ئەوانە بە کەم سەیر مەکەن کەوا هەوڵی فێربونی زانستی شەرعی دەدەن.

هەروەها پێشەوا بوخاری تەمەنی یانزە ساڵ بوو کاتێک ریوایەتی شێخێک ڕاستدەکاتەوە، شێخ پێی سەیر دەبێ لە سەرەتا، بەڵام دواتر کە سەیر دەکات بەو شێوەیە کە بوخاری دەیڵێ ، ئینجا دەستی بەسەر دادەهێنێ و ڕێزی لێدەگرێ.

سەیرکەن عیلمی شەرعی ئەدەب و ڕەوشتیشت جوان دەکا و فێری ئەوەت دەکات گەر لەبەر دەرگای ماڵێک بوویت پێیگوتی: بگەڕێوە زۆر بەسادەیی وەری دەگری و تێدەگەی الله وای پێبان فەرمووە : وَإِنْ قِيلَ لَكُمُ ارْجِعُوا فَارْجِعُوا ، بەڵام هەمان موسڵمانی عەوامی نەشارەزا بە عیلم گەر وای پێبڵێی دەڵێ : ئەوە خۆ ئێمەی دەرکرد، هەرگیز ناگەڕێتەوە لات، چونکە بێئاگایە و نەزانە بە زانستی شەرعی.

هاوەڵی بەڕێز ئەنەسی کوڕی مالیك ئەو فەرموودەی دەگێڕاوە کەوا کاتێک پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم و هاوەڵان دانیشتبوون لەو کاتەدا ئافرەتێک دێ و دەڵێ: ئەی پێغەمبەری الله من نەفسی خۆم پێشکەشی تۆ دەکەم، فەرموودەیەکی مەشهور و ناسراوە لای زۆرینەتان.

لەوکاتەدا کچەکەی ئەنەس دانیشتبوو گوتی : ئای چەند بێشەرم و بێ حەیا بووە.

ئەنەس پێیگوت : بەڵکو زۆر بەشەرمتر و حەیاتر بوو لە تۆ، چونکە نەفسی خۆی پێشکەش پێغەمبەر ﷺ کرد.

ئەنەس عیلمی پێبوو بەوەی ئەو ئافرەتە سەحابیە چ کارێکی شکۆمەندانەی کردووە، هەڵبەتە شارەزاش بوو چەند بەڕەوشت بووە، بەڵام کچەکەی نەزان بوو بەحاڵی، بە ڕووکەشی حاڵی، لێیحاڵی ببوو، بەڵکو بە ڕووکەشیش بڕیارێکی ڕووکەشیانەی بەسەردا .

ئافرەتە سەحابیەکە عیلمی پێبوو بەوەی چیدەکات و، شارەزابوو بەوەی خۆی پێشکەش باشترین و چاکترین کەس دەکات .

بۆیە ئەو ئافرەتە سەحابیە هەتا قیامەت ناوی زیندووە و دەمێنێتەوە، واتە عیلمی شەرعی هانی گوێڕایەڵی و بڕیاری ژیرانەت دەدا , موسڵمان کە جاهیل بێ نازانێ چۆن هەڵسوکەوت بکات و، چۆن بدوێ و لەچ کاتێ بدوێ، لەچ کاتێکیش بێدەنگ بێت، گەورەرین فیتنەی جەهل و نەزانی بۆ موسڵمان ئەوەیە کە هێندە ناسکە لەڕووی بیروباوەڕە، تەنانەت کزترین شنەبای فیتنە ڕووی تێکات تێی دەکەوێ ، ناتوانێ بڕوا و لێی

هەڵبێ، بگرە زۆر جار بەرەو ڕووی دەچێت ، هەندێ جاریش فیتنەی جەهل ڕاستەوخۆ کاریگەر دەبێ بەسەر نەفس بەهۆی یەک شوبهە و گومان، دەبێتە پرسیارێکی شەیتانی لە نەفسەوە کە نەتتوانی وەڵامی بۆ بدۆزیەوە.

عیلمی شەرعی شارەزابوونە لە دین، وات لێدەکات وەک سعید بن المسیب بیت کاتێ مەلیکی وڵات ڕۆیشت بۆ داخوازی کچەکەی پێینەدا، بەڵام بە دوو درهەم بە قوتابیەکەی خۆی بەخشی و، بەدەستی خۆی بۆی بردەوە ماڵەوە، سبحان الله ئەوەیە بەرهەمی فێربوون و، شارەزابوون و، پێگەیشتووی لە دین و عیلم ، با سەیرێکی حاڵی خۆمان بکەین، کوڕی پاشای وڵات بێتە داوای کەسی نزیکمان، لەو لاوەش موسڵمانێکی بێ ماڵ، بێ حاڵ، بێ پارە و، بێ ئیش کامیان هەڵدەبژێری ؟ دڵنیابە جاهیلەکان و عەوامی سوننی بێ عیلم یەکەمیان هەڵدەبژێری، بەڵام موسڵمانی تێگەیشتوو و شارەزا، فێرخوازی شەرعی هەمان کاری پێشەوا سعید بن المسیب دەکات بەشانازییەوە.

زۆر لێک دوورن، له فەزڵ و پێگه و پلەیان ناگەن بەیەک، له دونیا و له قیامەت، باسەکه فراوانه زۆر زیاتریش هەڵدەگرێ، بەڵام ئەوه پوختریه بۆ تێگەیشتن لێیان.

مەرگی عیلمی ئەوەیە بتەوێ زوو بگەیتە لوتکە.

ئـەگەر بتەوێ یـان پێت وابێت بەسالێك هەموو شتێك بزانیت، فەرموودە و عەقیدە و قورئـان هەمووی کۆنترۆڵ بـکەی ، ئـەوا بەهەڵەداچوویـت ، نەك بەهەڵەداچوویت بەڵکو نـاتوانی .

ناتوانی و پێی ناگەیت، بۆیە ئـەو شتە لە مێشکت دەربهێنە ، دەزانیت لەبەرچی ؟ چونکـە گەر وانەکەی زوو بێزار دەبی و بێتاقەت دەبی، سەیری لوتکە دەکـەی پێینـاگەی بۆیە دەکشێیتەوە، بـەوشێوەیە دەبێـتە مەرگی عیلمت، کـۆتایی بە حەز و ئـاواتی داخوازی عیلمت دێ تـا مردن، مەگەر بەدەگمەن نەبێ، گەرنا ناتوانێ ئەو حەزە زیندوو بکاتەوە.

بـۆیە زۆرێك هەبوون و دەشبن لە داهاتووشدا کە ئەو هەڵە کوشندەیان کردووە و بەردەوامیش دەیکەن .

مەعقول نییە و ڕێی تێناچێت تۆ شانزە ساڵ بخوێنیت دەیەها کتێب و باب و باسی جیاواز خەزن بکەی، ئینجا دەبیتە مامۆستای کوردی یان بیرکاری، یان هەر بابەتێکی تر.

سەیرکــەن شازده ساڵ ، تەمەنێکە تۆ منداڵی کە دەست پێدەکەی، کە دێیەدەر کاتی ژن هێنانیشت تێپەڕیە ، ئەوە بۆ خوێندنی دونیایی .

بەڵام سەیر و عەجیب و غەریب لەولاترە، هەمووی دەیەوێت بە دوو ساڵ ببێتە موفتی لە دین دا!

تۆ شتێکت دەوێ نەك ناکرێ، بەڵکو نەبووە و پێچەوانەی پێشەوایانی ئوممەتە لە کۆنەوە تا ئێستا،

بۆیە پێویستە ئارامیت هەبێ، نابێ پەلەی تێدا بکەی، بەڵکو دەبێ بە ڕێکوپێکی و مەنهەجیش بخوێنیت، نالێم پازده ساڵ، بەڵام پێنج ساڵ وەك ئێستا بەردەوام بیت بە یارمەتی الله عزوجل تۆ هەم قورئان و هەمیش سەرجەم فەرموودە سەحیحەکانت لەمێشکت خەزن کردووە، کە نیوەی عیلمە جگە لە أصولة عەقیدەییەکان کە خەزنت کردووە، هەروەها شارەزاش دەبیت لە زانستەکانی فەرموودە بەگشتی بەیارمەتی الله عزوجل.

نابێ تا مردن مرۆڤ دابڕێت له فێربوونی عیلم

سەلەف دەیانفەرموو: تا ئەوکاتەی دەچینە نێو گۆڕەوە بەردەوام دەبین لە هەوڵدان بۆ فێربوونی عیلم (عیلم واتە قورئان و حدیث هتد)

بەڵام ئێستا دەڵێن : تا ئەوکاتەی ژن دێنین یان شوو (مێردی) دەکەین ، ئیدی تەواو پشت لە هەموو شت دەکەن ، پێهان ناکرێ ، ناتوانین ، بێ مەجالین ، ماڵ و مێرد، یان ژن و میوان، ئەو بیانوە بێ بنەمایانە.

لەزەت و حەلاوەی ژیان بەخوای تعالی بە عیلمەوەیە، تەنانەت گەر خێزاندارێش بیت .

چونکە عیلم :

ئەدەبت فێر دەکات.

فێرت دەکات چۆن و کەی بدوێی.

فێرت دەکات چۆن توڕەبی و چۆن بێدەنگ بی.

فێرت دەکـات گەر ژنی چۆن مامەڵە لەگەڵ پیاوت بکەی ، گەر پیاوی لەگەڵ خێزانت.

بەپوختی واتـە (لەزەتی ژیان) سەیرە تۆ واز لە چێژی حەقیقی ژیان بێنی ، لەپێناو لەزەتێکی کاتی.

بۆیە دەبینی موسڵمان نازانێت حەقی نەفسی خۆی بدا.

حەقی منداڵی ، حەقی خێزانی ، حەقی پیاوی، هیچ کامێک لەمانە.

نازانیت حەقی کێشە و کێشمەکێشەکانی ڕۆژگار بدا کە ڕووبەڕووی دەبێتەوە ، پەشۆکاو دەبی ، چۆک دادەدا ، بێ وڕە دەبی ، هەرچی دەرگایە بەڕەو ڕووی خۆی دادەخـات.

تۆ لەڕێگەی عیلمەوە تێدەگەی هاوەڵان چۆن ژیاون، چۆن ڕۆیشتوون چۆن هاتوون.

کەپشتت لە عیلمی شەرعی کرد، واتە پشتت لە بەرەکەتی ژیانت کرد، چونکە ئەو ماڵانەی عیلمی شەرعی تێدا زیندوو دەکرێتەوە بەردەوام فریشتە ڕەحمەت و بەزەیی و لێخۆشبوونیـان بۆ دەنێرن.

سەیرکەن و وردبنەوە:

گەر لە نابینایەك بپرسیت، بڵێی: وەسفی دونیام بۆ بکە ؟

دەڵێت : تاریکە.

گەر لە کەسێکی ڵاڵ (کەڕ) بپرسیت، بڵێی: دونیا چۆنە ؟

دەڵێت : زۆر بێدەنگە.

گەر لە جاهیلێك بپرسیت فڵان زانا چۆنە ؟

دەڵێت : جاهیلە و نەزانە .

وردتربنەوە:

گەر پرسیاری پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم لە أبو لهب کرابایە لەکاتێکدا نزیکترین کەسی بوو ؟

پێیگوتبوو: دەستەکانت بشکێ، بەو بەیانیە ئێمەت بۆ ئەوە کۆکردتەوە و هەزار شتی تر.

یان کاتێ پرسیاری پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم لە عباس بن عبدالمطلب کرابایە کە نزیکترین کەسی بوو ؟

دەیگوت : ئەو لەمن گەورەتر و بەڕێزترە، بەڵام تەمەنی من زیاترە.. الخ.

زیاتر تێڕابمێنە:

کاتێ پرسیاری ئیمام و پێشەوای ئەهلی سوننە ئەحمەد بن حەنبەل لە (إبن أبي دؤاد) کرابایە کە هاوسەردەمی ئیمام بوو

دەیگوت : کەسێکی گومڕایە و بیدعەچییە، تەنانەت هانی خەلیفەکانی دەدا تا بیکوژن.

بەڵام ، کاتێ پرسیاری ئەحمەد بن حەنبەل لە پێشەوای الجرح والتعدیل (یحیی بن معین) دەکرێ (دەشتەکییەک)ئەعرابیەك لێی دەپرسێ تۆ ئەحمەدی ؟

دەست دەکات بەگریان، چونکە خۆی زۆر پێ بچووکتر بوو لە ئیمام ئەحمەد.

کـــەواتـــە:

بـــا وردتر و وردتر بینـەوە و باسەکـان تێبگەین.

مەرج نییە ئەوەی تۆ لێی دەپرسیت عباس بن عبدالمطلب یان یحیی بن معین بێت.

بەڵکـو لەوانەیـە تۆ پرسیـارت لە (أبو لهب و إبن أبي دؤاد) کردبێ، تەشبیهەن.

واتـە : کـاتێ پرسیاری زانـایەك یان تاڵیب عیلمێک یـان موسڵمانێکی مولتەزیم دەکـەی بەو شێوە وەڵامت دەداتەوە کەوا خۆی لەسەریەتی، ئینجا گەر گومڕا بێت ئەوا بەگومڕا وەسفی دەکـات.

یاخود گـەر جاهیل بێ بە جاهیل وەسفی دەکـات.

خۆی (وەسفی نەفسی خۆی دەکات)نەك خودی کـەسەکـە، (کە پرسیار کراوە دەربارەی چۆنە و چۆن نییە)، چونکـە تۆ لێی بێئاگای ئەو ڕێك وەسفی خۆی دەکـــات ، بۆیە وادەڵێم چونکە لەو سەردەمەی

خەڵکی بەهۆی جەهل و بێ عیلمی و دووربوون لەمەنهەجی سەلەف ، هەڵدەستن پرسیاری ئەهلی علمی پێشین و ئێستا لە جاهیل و دووڕ و گومڕاکان دەپرسن، ڕێك وەك ئەو فەرموودە:

اتَّخذَ النَّاسُ رؤوسًا جُهَّالًا ، فسُئلوا فأفتوا بغيرِ علمٍ فضلُّوا وأضلُّوا

بـۆیە وردتر و ویارتر بن هاوشێوەی سەلەف و خير القرون

لەو باسەدا مامەڵە بـکەن، با پرسیار و لێکۆڵینەوە و دڵنیابوونتان

لەکەسانی خاوەن عیلم بێت،ئینجا ئەدەب، ئینجا ڕەوشت، ئینجا تەقوا،

ئەوکات وەڵامەکەی بەشێوەیەکی تەندروست بێ چەواشە و زیاد و کەم وەردەگریت.

فێرخوازی زانستی شەرعی دەبێ پێشەنگ بێ لە ئەدەب

فێرخوازی زانستی شەرعی دەبێ نەك هەر لە زانستی شەرعی بەڵکو دەبـێ لە ڕەوشت و ئـاکاری موسڵمانیەتیشدا هەوڵی لوتکە بـدەن بۆ داهاتوو، واتـــــە چۆن ؟

واتە تــۆ نابێ بیر لـە ئێستا بکەیتەوە، دەبێ بیر لەوە بکەیتەوە بەیانی خەڵك لە دەورتن و تەڵەبی عیلم لای تۆ دەکەن، تۆش ئامۆژگاریان دەکەی و فێریـان دەکەیت.

تۆ ئێستا کە قوتـــــابی بەیانی مامۆستای، ئەوە گومانی تێدا نییە، چونکە هیچ کەسێک تا قۆناغی خوێندن و خوێندکاری تەواو نەکات نابێتە مامۆستـــا .

بۆیە شتێك مەکەن ، هەڵەیەك مەکەن ، کارێک مەکەن تامردن پێتوە بنوسێت و لێت نەبێتەوە ، تۆ جگە لە عیلمەکەت بەڕەوشتەکەشت دەناسرێیتەوە، سەیری ژیانی پێشەوایان بکەن کاتێ باسی زانست و زانیاریان دەکرێ، لەبەرامبەدا باسی ڕەوشت و ئاکاری جوانیان دەکرێ

، نییە و نەبووە گەر هەشبێ کەم بووە پێشەوایەکی سەلەف ئەدەبی خەراپ بووبێ، یان بەخەراپە باسی کرابێت.

بۆیە تۆ کە تاڵبی عیلمی فەرقت هەیە بەتەواوی لەگەڵ عەوامێك، سەیرکە بەڵکو تاوانیش بکەی قورسترە لەسەرت وەك لەکەسێکی تر، چونکە تۆ لە قۆناغی فەرمان بە چاکە و نەهی لە خەراپەی.

سەیری پێگەی خۆت بکە و ڕێزی لێبێگرە، بەس ورد بەرەوە

تۆ خەریکی حفظ ی قورئانی لەسەردەمێکدا کە هەجر کراوە.

تۆ خەریکی حفظ ی فەرموودەی، لە کاتێدا خەڵك خەریکی لەبەرکردنی وتەی کەسەکانن.

تۆ خەریکی ناسینی خیر القرون و پێشەوایانی سەلەفی، **لەکاتێدا** خەڵك بەدیار یاری و ناوی یاریزانەکانەوەیە.

کەواتە تۆ فەزڵت هەیە و چاکەت لەگەڵ کراوە، تۆ دەبێ بزانیت کە الله تۆی خۆشویستوە، بۆیە فێری کردوویت (من يرد الله به خيرا يفقه في الدين).

دەی دەبێ ڕێز لەو پێگەت بگری و لەسەر سەرتی دابنێی.

تۆ جیاوازی نابێ زوو هەڵبچیت کاتێ قسەت پێدەڵێن.

نابێ زوو بڕیار دەی کاتێ قسەت بۆ دێنن.

نابێ دەمارگیر بیت کاتێ حەقت بۆ دێ.

نابێ قسەی سووک و پووچ بکەی کاتێ لە مەجلیسی.

نابێ قسە بکەی کاتێ بەرانبەرت قسە دەکات.

نابێ مناقشە بکەی کاتێ دەزانیت بەرانبەرت وەرناگرێ.

نابێ لە مەجلیسێک بیت زیکر و یادی اللەی تێدانەبێ.

پێش ئەوەی قسە بکەی دەبی بیری لێبکەیتەوە.

سەیرکەن، شەهوەتی شەیتانی لە مێشکتان دەربکەن و وازی لێبێنن، لەجیاتی لەزەت و چێژی دونیایی ، بچۆ سەر لەزەت و شەهوەت و چێژی عیلم، بە عیلم خۆت داپۆشە و خۆت تێربکە، چونکە مرۆڤ تا چەند جاهیل بێت تا مردن کۆیلەی نەزانییەکەیەتی ،ئەو قسانە بـۆ خۆمن ئینجا بـۆ ئێوە.

تائێرە کۆمەڵێك گۆڵبژێری هەڵبژێردراو بوو بۆ فێرخوازی زانستی شەرعی بەشێوەی بیرهێنانەوە و خستنەڕوو، هەروەها بەشێوەی ڕەخنەی بنیادنەر، نەک ڕوخێنەر.

له نێوان دونیا و ئاخیرەتدا کێ دوژمنە و کێ هاوڕێتە:

بنەمایەك هەیە ئەویش ئەوەیە:

هەر شتێك بووە ڕێگری لەبەردەم دین و ئاخیرەت ئەوا دەبێتە (دوژمن) بۆت، واتە ئەگەر چی نزیکترین کەسەکانیشت بن.

الله عزوجل دەفەرموێ :

{يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِنَّ مِنْ أَزْوَاجِكُمْ وَأَوْلَادِكُمْ عَدُوًّا لَّكُمْ فَاحْذَرُوهُمْ}

ترمذي له ابن عباس هێناویەتی - یەکێک پرسیاری لێکرد لەبارەی ئەو ئایەتەوە ؟

فەرمووی : ئەوانە کۆمەڵێک پیاوی موسڵمان بوون لە مەککە ویستیان بڕۆنە لای پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم ژن و منداڵەکانیان ڕێگربوون لەوەی لەگەڵیان بچن بۆ لای پێغەمبەر ﷺ ، جا کاتێک پیاوەکان ڕۆیشتن بۆ لای پێغەمبەر بینیان خەڵکی فێربووە و تێگەیشتووە لە دین .. ئینجا

ئەو ئایەتە دابەزی " يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِنَّ مِنْ أَزْوَاجِكُمْ وَأَوْلَادِكُمْ عَدُوًّا لَّكُمْ فَاحْذَرُوهُمْ " الآية.

بەشێک لە موفەسیرین دەڵێن : ئایەتەکە گشتییە بۆ نێر و مێ ، هەروەها هەموو تاوانێک دەگرێتەوە کەوا مرۆڤ ئەنجامی بدات بەهۆی ماڵ و منداڵ و خانوو و خێزان.

اللە عزوجل پێمان دەفەرموێ : گەر پیاو بی ئەوە خێزانەکەت، یان ژن بیت پیاوەکەت ، یان منداڵەکانت دەبنە ڕێگر لە بەردەم دین و فێربوونی زانستی شەرعی و، تێگەیشتن و پێگەیشتن لە دین، وەک لە فەرموودەکەش هاتوە دەڵێ : بینیان خەڵك تێگەیشتوون لە دین و شارەزابوون، بەڵام ئەوان بەهۆی خێزان و منداڵیان دواکەوتن لێی .

ئەمەش هەموو کارێکی تری قیامەتی و ئاخیرەت دەگرێتەوە ، دەبنە دوژمن بۆت.

چونکە لە قیامەت جگە لە کردەوەی خۆت هیچ کەس سوودی بۆت نابێ، دایک، باوک، برا، مێرد، منداڵ هیچ شتێك.

نەك سوودی نابێت، بگرە هەمووی لەیەك ڕادەکات، ئیتر تێبگەن.

سەیری باوکی پێغەمبەران کەن ئیبراهیم علیه السلام ناتوانێ سوود به باوکی بگەیەنێت، ئەی چی دەربارەی خەڵکی تر.

ئامۆژگاری گەنجی موسڵمان بۆ هەڵبژاردنی زەواج

وەک زانراوە و لە فەرموودەش هاتووە : ئافرەت بۆ چوار شت خوازبێنی دەکرێت، لەپێناو (ماڵ و سامان ، "ڕەچەلەک" نەسەب ، جوانی ، دین).

ئەگەرچی جوان نەبێت، هەژار بێت ، بێ نەسەب بێت ، بە هەڵبژاردنی خاوەن دین فەرمانمان پێکراوە.

دەگەڕێینەوە بۆ قورئان، الله عزوجل دەفەرموێ :

{ وَلَأَمَةٌ مُّؤْمِنَةٌ خَيْرٌ مِّن مُّشْرِكَةٍ وَلَوْ أَعْجَبَتْكُمْ }

إبن جرير الطبري لە ڕێگای السدي هێناویەتی، دەڵێ : لەسەر عبداللەی کوڕی ڕەواحە دابەزی ، عەبدێکی ڕەشی هەبوو، ئافرەت بوو ، ڕۆژێک لێی تووڕە دەبێت و زلەیەکی لێدەدات ، ئەویش دێتە لای پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم هەواڵەکەی پێدەدات ، پێغەمبەر دەفەرموێ : چییە ئەوە ئەی عبدالله ؟

دەڵێ : ئەی پێغەمبەری الله ئەوە نوێژ دەکا و بەڕۆژوش دەبێ، بەجوانیش دەستنوێژ دەگرێ و شاهێدی دەدات بەوەی **أن لا إله إلا الله وأنك رسول الله.**

پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ : ئەوە ئیماندارە . عبدالله دەڵێ : سوێند بەوەی بەحەق تۆی ناردووە ئازادی دەکەم و زەواجیشی لەگەڵ دەکەم ! ئینجا خەڵکی تانەیان لێدا بەوەی ئافرەتێکی کۆیلەی ڕەشی هێناوە ، ئەوان دەیانویست ئافرەتێکی موشریک بێنێ بەهۆی پێگەکەیەوە ، الله عزوجل ئەو ئایەتەی دابەزاند (ولأمةٌ مؤمنة خيرٌ من مشركة) سبحان الله ئافرەتێکی ڕەشی کۆیلە ئازاد بکەی و بیخوازی ! ئەوەیە سەلەف، ئەوان وابوون، ئێمەش بەقسە هیچیان نەهێشتووە و لە کردەوەش زۆر دوورین.

لەبارەی ئەو ئایەتە (وَلَوْ أَعْجَبَتْكُمْ)

ئیمامی الطبري دەڵێ : هەرچەندە بەڵگە هاتووە کە ئەو ئافرەتە موشریکە ئەهلی کیتابیش نییە ، بەڵام ئێوە بەجوانییەکەی، بە نەسەبەکەی، بە ماڵەکەی سەرسام بوون ، نەخێر، زەواجی لەگەڵ مەکەن ، چونکە بەندەیەکی (کۆیلە)ی ئیماندار زۆر لەوە چاکترە .

هەروەها ئایەتەکە ئافرەتانیش دەگرێتەوە، گەرچی پیاوەکەیان بەدڵ بێ لەجوانی ، ماڵ ، نەسەب.

ڕۆژانە دەبینین زۆرێک تێگەیشتنی غەڵەت بەکاردێنن بۆ ئەو فەرموودەیە، دەڵێن : ئەوەتا لە فەرموودە هاتووە دەڵێ : بۆ "جوانی و پارە" ئافرەت دەهێنرێ، ئەوە لێکدانەوەیەکی عەقڵی بێ بەڵگەی دژە بەڵگەی شەرعییە، وەک ئەو تەفسیرەی کە باسمان کرد .

یەکێک لەو هەڵانەی کە زۆرینەی لەو پڕۆسە پیرۆزە دەیکەن ، بریتییە لەوەی وێڵی جوانین ، پێش ئەوەی وێڵی دینەکەیان بن ، خۆ ئەگەر دینیش پێش بخەن، مەرجی جوانیان پێش دینە.

وێڵی(دین) ـە کەیـان بن دەستـان بچێ بەخۆڵ وەك (پێغەمبەر) صلى الله عليه وسلم فەرمانی کردووە.

وامەزانن ئاوا سانا و ساکارە ، پڕۆسەی زەواج شتێکی مەسیری دواڕۆژیشتە.

عمران بن حطان ، عەقیدەیەکی چاکی هەبوو، گوتی : لەگەڵ یەکێ لە ئافرەتە خەواریجەکان زەواج دەکەم و دەیگۆڕم!

دواتر عمران بووه سەرکردەی خەواریج بەدرێژایی هەموو مێژوو.

کاتێ ئەبو طلحەی ئەنصاري ڕۆیشت بۆ داخوازی ئوم سولەیمی ئەنصاریه دایکی ئەنەس ، ئوم سولەیم پێیگوت : ئەی ئەبو طلحة بەڕاستی کەسی وەکو تۆ ڕەت ناکرێتەوە ، بەڵام من موسڵمانم و تۆش موشریك ،دینەکەم ڕێگە نادات، گەر بێت و موسڵمانبیت ئەوا من ماڕەییەکەم هیچ شتێک نابێ تەنها موسڵمانبوونی تۆ نەبێ، ئەوەبوو الله هیدایەتی ئەبو طلحەی داو موسڵمان بوو، ئینجا بووه خێزانی.

کەواته : تۆ مەرجی سەرەتا و کۆتاییت تەنها و تەنها دەبێ دین و عەقیده بێت ،نەك جوانی و بەژنوباڵا.

ئیمامی ئەحمەد به مروذي گوت : لەسەر پێنج درهەم زەواج بکه ، ئەوەتا سعید کچەکەی به دوو درهەم ماڕەکرد.

مروذي دەڵێ : بەباوکی عبدالله (ئەحمەد) م گوت : خانەوادەکەم ڕێگا نادەن له هەزار کەمتر بکەم .

پێشەوا ئەحمەد گوتی : ئەوه شتێکی دونیاییه وازی لێبێنه.

ژیرانه بڕیار دەن، نەکا وەکو "عمران" تان لێبێ.

پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم دەفەرموێ:

((المرء على دين خليله)).

گەر برادەر لەسەر دینی برادەرەکەی بێ، بۆ ژن و مێرد زۆر ئەولاترە هاوبیر بن.

ئەمەش بۆ ئەوانەیە ژنیان نەهێنایە ، بەڵکو بە پێچەوانەوەش.

پێویستە چی بکەین لە هەڵبژاردنی ئەو پڕۆسەیە لە پێشدا

بۆچی کاتێك کوڕێك دەچێتە خوازبێنی، یان کچێک خوازبێنی دێ زۆر جار دەڵێ : (دڵم نەیگرت) ؟

پێش هەموو شت ئەو ئامۆژگارییە بۆ موسڵمانانە، بۆ ئەوانەشە کەوا خاوەن دین هەڵدەبژێرن.

تـــۆی (پیـاو) پێش چوونت بۆ بینین ئەو (وێنەی) کێشاوتە لە دڵ و مێشکت ڕەشی بکەوە .

چونکە هەموو کوڕێك وێنەیـەکی هەر کێشاوە لەمێشکی کە بەو شێوە بێت ، مەگەر چۆن حاڵەتەکە دەگمەن بێ، ئەگەرنا نییە و نەبووە.

تۆ وێنات کردووە (چاوی ڕەش بێ یان سەوز، یان لوتی بچووک و فستقی بێ، یان باڵای بەرز بێ، یان لاواز نەبێ، یان خوێن شیرین)

کە ئەو تایبەتمەندییانەت خستە مێشکت و وێنات کرد ، ئەوکـــات

(دڵت) ناچار دەکەی قبوڵی نەکـات، مەگەر تەنها بەو شێوە نەبێ ، بۆیە کە وات کـرد، ئەوکـات بۆتۆ وەکو یانەسیبـە (ئەوشتەی تۆ دەردەچێ یـان نـا ! یان وەکو پێی دەڵێن: سوپڕایز، شتێکی لەناکاو و

نوێ ، بۆیە دەیبینی (وێنات کردووە چاوی وابێ، کە وانەبوو دڵت کەمێک سارد دەبێ، وێنات کردووە باڵای وابێ، کە وانەبوو دڵت بەیەکجار سارد دەبێتەوە) یان هەموو ئەو وێنانەی تۆ کێشاوتە تێیدایە ، بەڵام باڵای وا دەرنەچوو (دڵت ناچێتە سەر) یان وێنات کردبوو باڵای وابێ، وادەرچوو، بەڵام ئەوانەی تر وا دەرنەچوو ئیتر دڵت نایگرێ.

بەهەمان شێوەی پیاو (کوڕ) ، ئافرەتانیش (کچ)ی موسڵمانیش

ئەو وێنەی کە مێشکت کێشاویەتی (سوپەرمانێک دەرچێ ! یان باڵابەرزێک، یان سوارچاکی خەونەکانت (کێ دەڵێ بە پێ نایەت) چاوڕەشێک یان سپی پاتێک، یان ڕەش ئەسمەرێك) بێت کە هات وەکو سوپڕایز یەک خاڵ دەرنەچێ دڵت نایگرێ، هتد...

(واتە تۆ کردووتە مەرج لە نێو مێشکت، گەر وانەبێ بەهیچ جۆرێک دڵ نابێ بیگرێت)

خۆ ئەگەر ئەو هەموو تایبەتمەندییەی کە دەتویست هەیبوو (زۆر جار) دوای هاوسەرگیری بایەخێکی ئەو تۆی نامێنێ، چونکە چاو شتێک لە دەوری بێ و بیبینی بە بەردەوامی وەڕەز دەبێ لێی، دەبینی ڕەوشتەکەی پێچەوانەی دیکۆریەتی.

ئەمانە بیرکردنەوەی کەسانی دونیا ویست و عەلمانیەکانە، نەک موسڵمانی مولتەزیم.

بۆیە دەبینی موسڵمان بەو وێنە سەقەتانەی کێشاویەتی لە مێشکی، بەو هۆیەوە دڵی ناچار کردووە تەنها ئەو وێنەیە قبوڵ بکات ، بەمەش خێرێکی زۆری لەدەستداوە لە دونیا و قیامەت.

بۆچی دەڵێم : ئەو وێنانە بسڕەوە لە مێشکت ، چونکـە کە سڕیتەوە ئەوکات مێشک "دڵ" ناچار ناکـات ، چونکە هیچ شتێکی پێش وەقت نییە و بینینەکەش لەناکاو تووشی شۆکی ناکات .

بۆیە کەوا بوو (دڵ و مێشـك) پێکەوە بڕیـار دەدەن، بەدڵنیاییەوە بڕیارێکی ژیرانەیە.

لەوانەیە ئەو کوڕە جوان و بـاڵابەرزە و یان ئافرەتە ڕێکە ، دوو ڕستە دەربڕی هەرچی جوانی خۆی هەیە (وێرانی بکات) نەیهێڵێ، وەک دەڵێن

(فلسێك) نەهێنێ.

سەیرکەن کێ لە ئێوە بۆ یەک خولەکیش پێشەواکانی سەلەفی ئوممەتان بینیوە (عطاء ، الشعبي ، سفيان الثوري ، الأعمش ، احمد ، شعبة ، يحيى القطان و هتد..)

بەڵام لەوپەڕی خۆشەویستیدان بۆیان، لە دڵت وێنا ناکرێ ، چونکە عیلم و عیبادەتیان ئەوانیان جوان کردبوو، لەکاتێدا لە ڕووی لاشەوە زۆرینەیان تەواونەبوون "کوێر و ڕەش ، کۆسە و زمان ڵاڵ"ی هتد .

بۆیە ئەو جوانیەی تۆ دەتەوێ و بەدوایی وێڵی بەوشێوە بەدەستی ناهێنی، بەڵکو بەوشێوەی شەرع بۆی داناوی، بەرەکەت و بەختەوەری دونیا و قیامەتیشت بەوشێوەیـــە.

ئەوە زیاتر بیرخستنەوەبوو تا موسڵمان پێگەی خۆی بزانێ ، **خۆی لێ** ون نەبێ و، بیرکردنەوەکەی بیری دونیاگەری نەبێت.

بونی کەسێکی دەستپاک و ڕاستگۆ بۆ پیاو و ئافرەت

لەفەرموودەی (متفق علیه) دا هاتووە کاتێک (فاطمة بنت قیس) مێردەکەی بەیەکجار تەڵاقی دەدا، دێتە لای پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم پێی دەفەرموێ : برۆ لای إبن أم مکتومی نابینا، کە عیددەت تەواو بوو پێم بڵێ ، کاتێ تەواو بوو هاتەوە و گوتی : دوو کەس هاتونەتە داوام (معاویة ی کوڕی ئەبو سفیان و أبا جهیم)

چونکە پێغەمبەر بۆتە وەکیلی و وەلی ئەمری، دەفەرموێ : ((**أمَّا معاويةُ فصعلوكٌ لا مالَ له**))

سەبارەت بە معاویە هیچ مالّی نییە مێردی پێمەکە (هەندێک دەڵێن چونکە ڕەزیل بووە وەکو باوکی) ، ((**وأما أبو جَهمٍ فرجلٌ ضرَّابٌ للنِّساءِ**)) هەروەها أباجهیم بەردەوام داری لەسەر شانە (واتە تورە و تونده لەئافرەت دەدا) مێرد بەویش مەکە ، بەڵکو مێرد بە ئوسامە بکە ، فاتیمە دەڵێ : گوتم نا ، جا دەڵێ : دووبارە پێیگوتم شووی پێبکە، ئینجا ڕازی بووم ((**واغْتَبَطْتُ بِه**)).

شیکردنەوە:

تا ئێرە شتێکی ئاساییە لاتان، بەڵام کە ڕوونمکردەوە پەیام و حیکمەتی گرنگی تێدایە، بەو شێوە:

وەک دەزانین فاتیمە بێوەژن بوو ئەوە خاڵێك .

خاڵێکی تر، ئوسامە کوڕێکی گەنج و زۆریش منداڵ بوو.

لێرەدا بڕیارەکە لەسەر بیروباوەڕ نییە، بەڵکو لەنێو (باش و باشترینە) ، چۆن؟

هەرسێکیان هاوەڵی پێغەمبەر بوون ﷺ ، معاویە کاتبی وەحی بوو.

بەڵام لێرەدا ئاکار و ڕەوشتی خستوونەتەڕوو، واتە **دوای ئیمان و باوەڕ** ئەدەب ڕەوشت ـی موسڵمان گرنگە.

سەیرکەن ئەوەی گرنگە و بڕیاری فاتیمەی قورسکـردبوو ئەوە بوو:

معاویە کوڕی گەورەی قوڕەیش بوو ، زۆریش جوان و ڕێک بوو.

ئوسامەی کوڕی زەید ڕەشتارەی بچوک بوو ، منداڵیش بوو ، تەنانەت ئوسامە هێندە ڕەش بوو خەڵکی دەیانگوت: کوڕی زەید نییە، چونکە زەید زۆر جوان و سپی بوو.

بەڵام پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم دووپاتی کردەوە کە ئەوەیان باشترینە بۆت، ئینجا دەڵێ :

دواتر زۆرینەی ئافرەتان ئاوات و ئومێدیان ئەوە بوو لەجێگای من بونایە، بۆ ؟ چونکە بەرەکەت و خۆشی ڕووی تێکردبووم.

لێرەدا بڕیارەکە بڕیاری کەسێکی تر بوو لەپێناو ئاسوودەی و خۆشبەختی تۆ، بەڵام کەسێکی ئەمین.

زۆر گرنگە موسڵمان(بەچـــــــاو) بڕیار نەدات، بەڵکو بە (عەقـــڵ)، تۆ بەعەقڵ بڕیارت داوە لەسەر مەنهەجی سەلەف بی لەکاتێکدا بە چاو دەبینی زۆر کەمیشن.

هەندێ کـات لە نوسین گەرم و گوڕ دەبین، بەڵام بەهۆی بڕیاری هەڵەی واقیع نوسین و خوێندنەوە و گەرمی عیلمەکەش لەدەست دەدەین،

بۆ نمونە:

تۆ كە تاڵیب عیلمی و شەیدای عیلمی، وەكو ئاگرێكە گەر بچیتە لای جاهیلێك جامێک ئاوت بەسەر دابكرێ و بكوژێیتەوە و بڕوا، تـــەنها دووكەڵی بۆت بێت.

واتـــە : تۆ بڕیارت داوە بە كردەوە جیاواز بی بەراورد بە دەوروبەرت، بەو مەنهەجەی لەســـەری، ســـەدان جار لۆمە كراوی ، دەبێ لە بڕیارە تایبەتە هەستیارەكانی ژیانیشت جیاواز بیت.

تـــۆ چاوت لەوەیـە ئاخیرەت هەڵبژێری و ئاسوودە بی لە دونیـا، چونكە اللە دەفەرموێ ئەوەی ئاخیرەت هەڵبژێرێ: {فَلَنُحْيِيَنَّهُ حَيَاةً طَيِّبَةً ۖ وَلَنَجْزِيَنَّهُمْ أَجْرَهُم بِأَحْسَنِ مَا كَانُوا يَعْمَلُونَ(٩٧) }

واتە تۆ لەدونیا ئاسوودەی ئەگەرچی نەبوون بی، ئەگەرچی لە نێو كۆشک نەبی، یاخود دەوروبەر گاڵتەشت پێبكەن، جگە لە ئاخیرەت پاداشتی نەبڕاوەیە .

ژیانیش بەرەكەتیش شاراوەیە، تەنها موسڵمان هەستی پێدەكـــات.

مەرج نییە هەروەکو دەوربەرت بیت ،دەکرێ الله عزوجل دەرگایەکی خێرت لێبکاتەوە بە جۆرێک خەڵك گاڵتەت پێبکەن، بەڵام بەرەکەتی هەموو ژیانت بێ.

هەروەها هەمیشە لەنێوان باش و باشترین دەبێ پێ لەهەندێ هەست و شتی دونیایی بنێین، هەڵبەتە ناتوانی پێیبگەی مەگەر بەقوربانیدان نەبێ.

دەکرێ قوربانییەکەت لۆمەی خەڵك بێ کە بیخەیتە ژێر پێت.

دەرگای خێر پێویستە زوو هەنگاوی بۆ بهاوێی

یەکێ لەپێشەوایانی سەلەف دەڵێت:

گەر الله دەرگایەکی خێری بەڕوودا کردیەوە بەخێرایی بەرەوڕووی بڕۆ، چونکە نازانی کەی دایدەخات.

هەموومان لەژیانماندا لە هەندێ شتی ماوەی تەمەنمان پەشیمانین، چونکە نەمان کرد، جا زۆر دەڵێین : گەر ئەوەم کردبا وا دەبوو چاکتر دەبوو، یان بەو شێوەیەکی تربێ.

لە هەندێ شتیش دەڵێین : باشبوو، یان الحمدلله کە وامان نەکرد ئەگەرنا ئێستا فەوتابووین، یان گومڕابووین ..هتد..

بێگومان ئەوە هەمووی قەدەری الله یە بۆمان ،بەڵام **ناشکرێ** بەرەوڕووی دەرگای خێر نەچین و لێ پاڵکەوین بڵێین : **قەدەری اللەیە.**

دەکرێ نوێژ نەکەی و بڵێی : وا بۆم نوسراوە.

سەیرکەن:

هیدایەت لای الله یە خۆی دەیدات ، بەڵام هۆکارەکانی بەردەوامبوون لەسەری دەبێت خۆت بیکەی ، وەک عیبادەت و، ملکەچی و، گوێڕایەڵی و، دوورکەوتنەوە لەحەڵاڵ و حەڕام هتد ...

ئەمڕۆ دەرگای خێرت لێکرایەوە دوای مەخە بۆ بەیانی، کێ دەڵێ دەمێنیت و نامریت!

کێ دەڵێ : بەیانی ئەو دەرگایە داناخرێ!

کێ دەڵێ : دەرفەتی ژیانتە و تەنها ئەمجارە بەوشێوە کراوەیە!

مرۆڤ بەفیتڕەت دەزانێ کە ئەوەی تێیدایە شەڕە و، ئەوەی بۆ هەڵکەوتووە خەیرە، بەڵام گەر جوهد و قوربانی بۆ نەدەی ناتوانی بەرەوڕووی بڕۆیت ، ئەی شەیتان کاری چییە؟ ئەگەر ئاوا ڕێگات بدا بەئاسانی بەرەوڕووی بڕۆیت.

لەوانەیە تۆ چەند ساڵێکە لەو دەرگایەت دابێت تا بەڕووت بکرێتەوە ، ئێستا لێت کرابێتەوە ، واتە چەند ساڵێکە دووعا دەکەی و ئێستا گیرابێت.

دووشت لەبەردەم هەموو کەسێکە سێیەمی نییە ، یان ئەوەتا لەناو خەیر و چاکە دای شەیتان دەرگای شەڕت لێدەکاتەوە.

یان ئەوەتا لەناو شەڕ و فیتنە دای اللە دەرگای خەیر و چاکەت بۆ دەکاتەوە.

وەلێ نەفسی خۆت دەزانێت لە شەڕەکەدای، جا بەرەو چاکە یان پێچەوانەکەی.

نمونەیەکی بچووک : تا ئێستا پێتنەکراوە قورئان حفظ کەی، یان پشتگوێت خستووە، ئەمە واتای ئەوەیە تۆ لە شەڕدا بووی ، بەڵام اللە دەرگای فێربوون و خەزنکردنی لێکردیەوە ئەمە واتای ئەوەیە تۆ بەرەو خەیر و چاکە دەچی ، بەڵام گەر پاڵکەوی و هەوڵ نەدەی، بەڕووت دادەخرێ. لەوانەیە تامردن نەکرێتەوە.

یان لە زەواج کردن و هەڵبژاردنی، یان لە تەڵەبی عیلمدا.

ئەو ئاستەنگانەی لە بەردەم دەرگای خێر ڕووبەڕووت دەبنەوە چییە

کاتێك الله عزوجل دەرگایەکی خێرت لێدەکاتەوە چاك بیزانە بە گوڵ و گوڵزار بۆت نەڕازاوەتەوە.

لەگەڵ کردنەوەی ئەو دەرگایە بۆت ، ڕێك شەیطان دە دەرگای تری شەڕت لێدەکاتەوە ، هەمووی لەپێناو ئەوەی نەگەیت بەو دەرگایە.

دەرگای خێر بەواتایی پارە و خانوو و ماڵ نایە، بەڵکو شتێك خێری دونیا و قیامەتتی تێدابێ.

لەگەڵ یەك دەرگای خێر دە دەرگای شەڕت لێبکرێتەوە ئەوەیە سەختییەکانی ڕێگا ، کردنەوەی دەرگای شەڕی شەیطان هەمووی لەپێناو ڕێگرییە لەو خێرە.

ترس دەخاتە دڵت ، پەشۆکاوت دەکات ، گومانت لا دروست دەکات ، مێشکت جەنجاڵ دەکات ، بە بیرکردنەوە قەلەقت دەکات ، واتە لێت سەخت دەکات.

هەرکـــــاتێك تۆ بیرت لەسەختییەکـانی ئەو دەرگا خێرە کردەوە، ئەوە بزانە لەنێو دەرگای شەڕی شەیطان دای ، چونکە ناتوانی هەنگاو بهاوێی.

بۆیە نابێ گومانی ئەوە ببـەی و بڵێیی: کردنەوەی هەموو دەرگایەکی خێر ئاسانە و بێڕێگرییە.

ناتوانی بۆی بڕۆی ، مەگەر دەبێ پێ لەسەختییەکان بنێی ، پشت لە لۆمەی خەڵك بکەی.

هەموو دەرگایەکی خێر بۆت هەنگاوێکە بەرەو بەهەشت ، داخستنیشی بەڕووی خۆت دوورکەوتنەوەتە لێی.

هەندێ دەرگـــا هەیە لە هەموو تەمەنت یەکجـار لێت دەکرێتەوە.

کردنەوەی دەرگاکانی خێر بەپێی تەقوا و عیبادەتی بەندەکـانە ، خێرەکە و دەرگاکە چەند گەورە بێت هێندە قوربانی پێویستە، جوهد و تێکۆشانی پێویستـە.

ناکرێ ڕۆڵی شەیطان لەبیر بکرێ لەبەردەم ڕێگری کردنت، ئەگەر هەر هیچی پێ نەکرێ و بەرانبەرت نەمێنێ تاخیرت دەکات زۆر، ئینجا بەهۆی دواکەوتنت لێت دادەخرێ.

بیرخستنەوەیەک بۆ ئەو تەمەنەی بەفیڕۆت داوە پێش مردن

تــەمەنت چەندە ؟

هەرچەندێکــە، هەمووتــان ئەوەی ژیاون "بیست، سی، چل" تەنها کەمێك سەیری ئەو ٣٠ ساڵە بکــات کە ژیــاوە بۆتە ڕابردووت، وا هەستدەکەی چەند خولەکێك بووە، بۆیــە ئەو ئــایەتت لەبیر بێت

{قَالَ إِن لَّبِثْتُمْ إِلَّا قَلِيلًا }

هیچ نەژیاون، زۆر کەم ژیاون.

ئەو وتارە بۆ هەموو مرۆڤێکە، بەوانەی پێشووتریشەوە کە بە هەزاران ســاڵیش ژیــاون ، نەك ئێمە کە کورتترین تەمەنمــان هەیە.

تــۆ تەنها بیر لەوە بکەیتەوە بەسە بۆت، تاوەکو هەموو شتێکت لە پێناو ئاخیرەت بێ " ژیانت ، هەڵسانت ، دانیشتنت ، ژن هێنانت ، شووکردنت ، چاکە و هەموو شتت".

ئامانجی ئێمــە ژیانە لە پێناو ئاخیرەت، نەك لە پێنــاو ژیان.

ئامانج ژیانە لەپێناو پەزامەندی اللە، نەك دەوروبەرو دایک و باوك و عەشیرەت.

ئەوان لە پێغەمبەر صلی اللە علیە وسلم ڕازی نەبوون ئێمە چین.

بۆیە ڕێگـە مەدەن شەیطان فریوتـــــان بدات و فێڵتان لێبکات.

پێغەمبەر صلی اللە علیە وسلم ١٣ ساڵ دەرگای تۆبەی بەڕووی **أبو جهل** دا کردەوە ، بـەڵام ئەو دایخست و پێیوابـوو ئەوان چاکترن و لەو بـاشتر هەیـە.

لە حاڵی **أبو لهب** تێڕابمینە: پێغەمبەر صلی اللە علیە وسلم **چەندان** سـال بانگی کرد تا لەچاڵی گومڕایی ڕزگاری بکات، بەڵام ئەو نەیویست، پێیگوت : دەستت بشکێ، بەڵام اللە عزوجل لەسەرووی عەڕشەوە سورەتی "تبت یدا"ی لەسەر دابـەزاند.

أمیة بن خلف : کاتێ پێغەمبەر صلی اللە علیە وسلم سورەتی والنجم سـی خوێند هەموو موسڵمانێک و کافرێک سوجدەی برد جگە لەو، مشتێ خۆڵی بەڕوویدا کرد و گوتی: ئەوەم بەسە ، دەرگای ڕزگاربونی لەخۆ داخست.

أبو طالیب : دوای ئەو هەموو ئازار و ئەشکەنجەو یارمەتییە لەسەرەمەرگ پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم دەرگای بەڕوودا کردەوە بەس بڵێ لا إلـه إلا الله ڕزگارت دەبێ ، کەچی نەیگوت و دەرگاکەی داخست.

هەزاران نمونەی تر ئەوانە هەموویـان شەیطان فریوی دان بەوەی لەو باشتر دەبێ و لەو باشتر هەیە، بێئاگابوون لەوەی تاکە دەرفەتی هەتاهەتایی ژیانیـان بوو، بەڵام شەیطان فریوی دان بـۆ بەیانی لەکاتێکدا (وَمَا تَدْرِی نَفْسٌ مَّاذَا تَكْسِبُ غَدًا)

ئەوەی تێیدای ئەمڕۆیـە نەك بەیانی ، بەیانی نەبووە، ڕابردووت لەدەست چووە ، زۆرێک هەن لە ئێستادا بەهۆی ئاهی ڕابردوو ئێستا و داهاتووشیان لەدەست خۆداوە.

کۆچ له ماڵێکەوە بۆ ماڵێکی تر

ئەو ژینگەی تێیدا دەژیت ڕاستەوخۆ کاریگەرە بە دین و عیبادەتتەوە.

تەنانەت لەڕووی پاداشتەوە جیاوازە .

بۆ نمونە : خیرالقرن سەدەی یەکەم لە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم و هاوەڵان هیچ یەکێک لەدوای ئەوان باشتر نابن هەرچەند عیبادەتیش بکەن، چونکە ئەوان لەژینگەیەکی سەخت و غەریبی و نالەباردا عیبادەتیان کرد ، لەنێو هاوەڵان بەرزترین پلە ئەوانەن لە سەرەتا موسڵمانبوون ،السابقین تا قیامەت کەس پێیان ناگات ، بۆچی ؟ چونکە لە ژینگەیەکی سەخت، بەڵکو زۆر سەخت عیبادەتیان کرد.

هەروەها لەسەردەمی فیتنە و غەریبی سوننەت، دەستگرتن بەسوننەت و زیندووکردنەوەی پاداشتی زیاترە بەپێی هەندێ فەرموودەی لاواز.

خێزانێك هەموویان لەسەر سوننەت بن عیبادەت و تەقوات زیاترە وەك لەوەی بەتەنها بی و دژت بن.

گەرچی دەستگرتن بەسوننەتەوە خۆی لەخۆیدا تەقوایە.

بۆیە کە موسڵمان دەرگای تەقواو عیبادەتی لەسەر تەنگ بوو سەخت بوو، پێویستە بیگۆڕێ بە یەکی تر، الله عزوجل دەفەرموێ:

{يَا عِبَادِيَ الَّذِينَ آمَنُوا إِنَّ أَرْضِي وَاسِعَةٌ فَإِيَّايَ فَاعْبُدُونِ }

دەکرێ بەهۆی کەسێکەوە بێ ، دەبێ وازی لێبێنی ، دەکرێ بەهۆی مااڵێك بێت ، دەبێ جێی بێڵی ، دەکرێ بەهۆی ژینگەیەک بێ ، دەبێ بیگۆڕی ، چونکە دەڵێن : ئاگر گەر بێت و نەتسوتێنێت ، دووکەڵەکەی دەتخنکێنێت ، گەرنا هەناسەت تەنگ دەکات.

خۆپاراستنی موسڵمان له نەخۆشییەك

پێویستە موسڵمان بزانیت نەخۆشییەک هەیە زۆر ترسناکە بۆ ژیانی و بۆ قیامەت، ئەویش حەسادەتە(ئیرەیی)، لە دونیا دڵتەنگی دەکات بەهۆی سەرقاڵبوونی بە خەڵکی تر ، لەقیامەتیش ڕەنج بە خەسار.

ئەم ئایەتەیە (قَالَ أَنَا خَيْرٌ مِّنْهُ) ئەم وشە لەدەمی إبلیس ی ئەوکات و شیطاني دواتر دەرچوو ، لوتکەی (حەسادەت)بوو، وێرانکەرە وریابن، سوێند بە اللە ئیمانت دەبا وەکو چۆن شەیطانی فرێدایە دەرەوە لە بەهەشت، لە یەکێ لە ڕێزلێگیراوترینەکان کردیە بێزلێکراوترینەکان!

کێشەی حەسادەت یان مرۆڤی حەسوود ئەوەیە : ئاواتەخوازە ئەوەی هەتە نەتبا و نەتمێنێت ، لەنێو بچێ ، سەیرکەن سەدا **٩٩** ی سیحرەکان کە دەکرێ بەهۆی حەسادەتەوەیە ، بینیتان دینەکەی برد ، چونکە حەسادەت لەناخیەتی، پەنای بردە بەر سیحر کە کوفرە، بۆچی ؟

تاوەکو مێردەکەی تەڵاقی بدات ، تاوەکو خێزانەکەی وازی لێبهێنێ ، تاوەکو خانووەکەی تەخت بێ ، تاوەکو سەیارەکەی وەرگەڕێت، هتد..

موسڵمان نابێ بەهیچ جۆرێك حەسادەتی هەبێ ، تەنها لەدوو شت نەبێ ئەویش: عیلم و ماڵ ، بەڵام نەك بەوەی بڵێی عیلمەکەی نەمێنێت یان ماڵەکەی، بەڵکو وەکو ئەوت هەبێ تاوەکو تۆش هاوشێوەی ئەو بکەی.

شەیطان کە هیچی پێنەما گوتی : من باشتر و چاکترم لەو.

نابێ برای من نابێ.

ئێمە دەبێ دڵمان خۆشبێ کە موسڵمانێک بەدڵخۆشی ببینین ، کە هەبوون بێ ، کە عیلمی هەبێ ، کە دینداره، زۆر شتی تر.

نەك هەوڵی لەنێوبردنی بدەین، یان سووك نیشانی دەین، یان نەیهێڵین بۆی ببێت، یان زۆر شتی تر.

هەر کەمێک زۆر نا، چاو لە خیر القرون بکەن .

ماڵی خۆیان دەدا بەیەکتر .

کچ و کوڕ و پـاره و هەموو شتێکیـان، که زۆریش بەنرخ بوو لایان.

به کردەوه، ئەوه هیچ زۆر دوورین لەوان، ئێ بـا هیچ نەبێ قسه و ناخمان تاڕادەیەك بچێته سەر ڕێگای ئەوان.

ژیان لەسەر سوننەت و بەپێی سوننەت

دوو بنەمای زۆر گرنگ هەیە تا مردن بیکەنە بەرنامەی ژیانتان، ئەوانیش بریتین لە:

١ / ئیستیخارە.

٢ / ئیستیشارە.

"استخارة "ئیستیخارە : نوێژێکی سوننەتیە ، جابری کوڕی عەبدوالله دەڵێ: : پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم فێری ئیستیخارەی دەکردین وەکو چۆن فێری سوورەتێکی قورئانی دەکردین.

واتە سوننەتێکی زۆر گرنگە بۆ موسڵمان.

ئایا بۆ چییە ؟

بۆ هەموو کارێکی گرنگی دونیایی، بەڵکو پەیوەست بە قیامەتیش ، وەکو (ژن هێنان ، جیابوونەوە ، خانوو کڕین ، ئۆتۆمبیل ، ڕۆیشتن بۆ کارێک ، بڕیارێکی قورس لە ژیانت ، هتد ..)

حیکمەتی چییە ؟

حیکمەت لێی ئەوەیە تۆ نازانیت خێری تێدایە بۆت یان شەڕ ، سەیرکەن کە دەڵێی: خێر یان شەڕ مەبەست پێی قیامەتە ئینجا دونیا ، چونکە تۆ لە دوعاکەت دەڵێی دونیا و قیامەت.

من پێم وایە **ئیستیخارە** بۆ ئەو سێ شتە زۆر گرنگە (خانوو ، سەیارە ، ژن هێنان - شووکردن) .

بـۆچی ؟

چونکە فەرموودەیەکمان هەیە لە إبن عمر رضي الله عنهما دەفەرموێ : ئەگەر بەدبەختی هەبێت لە سێ شتدایە (خانوو ، ئافرەت ، ئەسپ و فەرەسی ئەوکات (سەیارەی ئێستایە) .

سەیرکەن پێویستە شیبکرێتەوە:

زۆر کات خانوویەك دەکڕی دەڵێی خێری بۆم نەداوەتەوە، یان سەیارەیەك تووشی چەندان دەعم و تێکچوون دەبی، یان ئافرەتێک وێرانت دەکات لە دونیا و قیامەت، یان پیاوێک دەتفەوتێنێ).

بۆیە من دەڵێم لەو سێ شتە، چونکە هەرسێکی گەر باشبێ گەورەترین نیعمەتە، با بزانین چۆن ؟

بەپێی فەرموودە ئافرەت چاکترین خۆشییەکانی دونیایە ئەگەر بێت و ساڵیحە بێ، بۆ ئەوەش دەبێ لەسەرەتا لە پێناو دین بیهێنیت بەپێی فەرموودە، نەك بۆ جوانی و سامان و ماڵ، کە ئێستا زۆرینەی درۆ لەگەڵ خۆیان دەکەن، واللە جوان نەبێ نایەوێ، زۆرینەی وان تەنها کەمێکی نەبێت، بەهەمان شێوە ئافرەتیش بۆ پیاو چاوت لە دین و عیلمی بێت،

نەك باڵاو جوانی ، چونکە ڕێکترین پیاو گەر دوو قسەی سەقەت بکات فلسێک ناهێنێ، بۆ ئافرەتیش بەهەمان شێوە .

بەهەرحاڵ ئەوە لەبارەی ئیستیخارە، گەر پێت کرا چەند جارێک بیکە

.

"استشاره" ئیستیشاره، واته: ڕاوێژپێکردن .

له ئیستیخاره تۆ کاروبارت بۆ لای الله دەگێڕیەوە ، له ئیستیشاره تۆ ڕاوێژ به کەسێک دەکەی ، بەڵام وریابن، نەکەن پرس بەهەموو کەس بکەن، تەنها کەسێکی موسڵمانی دڵسافو و ڕاستگۆ نەبێ ، چونکه هەندێ شت هەیه گەر موسڵمانیش بێ حەسود بێ لێت تێک دەدا ، خانووێکه ، ئافرەتێکه ، سەیارەیەکه، هتد..

سەیرکەن پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم بەگەورەیی خۆی پرس و ڕاوێژی بەهاوەڵان کردووه، ئەوەتا جەنگی ئوحد پرس و ڕای هاوەڵان بوو نەک خۆی.

لەکۆتاییدا:

هەردووکیان نوێژی استخارة و ڕاوێژپێکرد پێکەوەگرێدراون، چۆن ؟

دەکرێ تۆ ئیستیخاره بکەی الله عزوجل لەڕێگای ئیستیشارەی براکەت یان خوشکەکەت دڵت بخاته سەری، یان دڵت لەسەری لابەرێ،

وابزانم ڕوونبوویەوه لاتان؟

بۆیە تا قیامەت و مردنت، هەتا ئەو دوو بنەمایە جێبەجێ نەکەی بڕیار مەدە و کارێک مەکە، مەیکە تێبگەن ، گەر بیکەی پەشیمانییە لە دونیا و دواڕۆژ.

سەرزەنشتکردنی نەفسمان بەوەی تەنها (قسەیە نەك کردەوە)

❁ پیش هەموو شت سەلەف لە عیبادەت لە لوتکە بوون، بەجۆرێک اسود بن یزید بەهۆی بەڕۆژیبوون چاوێکی لە دەستدا، علي بن فضیل لە ترسی قورئـان وەفاتی کرد، پێشەوا ئەحمەد بەهۆی عیبادەت و ڕۆژی و نوێژ هێز لە جەستەی نەمابـوو .

بەڵام ئێمە جگە لە واجباتەکان بەس پێم بڵێن چیان هەیە، دڵنیابە هیچیترمان نییە، قیام و صیام، الخ.

❁ سەلەف زۆر سەخیبون لە بەخشین بۆ موسڵمان، شێخێکی فەرموودەناس هاتە لای شوعبە گوتی : گوێدرێژەکەم ڕۆیشت و پێویستیم زۆر پێی بوو ، شوعبە پێنج درهەمی پێدا و گوتی: واللە ـی لەوەی زیاترم نییە . هەزاران نمونەی ئاوا.

کێ لە ئێمە ئامادەیە گەر پێنج سەد هەزاری هەبێ بیداتە براکەی کە پێویستیەتی ، نایدا! .

❁ سەلەف هەر لەبچووکیان تا وەفاتیان تەڵەبی عیلمیان دەکرد شەو و ڕۆژ، وازیان لە ماڵ و حاڵ و وڵات دەهێنا، تەنها بۆ فێربوونی عیلم.

ئێمەش لەنێو ماڵی خۆمان هەوڵنادەین هێندە تەمبەڵین، دەمانەوێ بە خوێندنەوەی پۆستی فڵان و فیسار خۆمان لێ ببێتە ئیمام ئەحمەد، وا هەستەکەین ئەوانین.

سەلەف کاتێ باسی برایەکی موسڵمان کرابایە یان پرسیاری لێبکرابایە دەربارەی ؟

دەیانگوت : ئێمە لەو ئاستەنین، بەڵکو ئەو پرسیاری ئێمەی لێدەکرێ.

چ گەنجێکی سوننی ئامادەیە بێوەژنێکی پەیوەست بە دین بێنێ یەکەم جار ؟ بەخوای تعالی کەس ، لەکاتێدا جگە لە عائشة هەموو خێزانەکانی بێوەژن بوون.

چ کوڕێکی سوننی موسڵمان ئامادەیە ئافرەتێکی موسڵمان بێنێ کە پێنج ساڵ لەخۆی گەورەتر بێ ؟ کەس.

چ کچێکی موسڵمان ئامادەیە مێرد بە موسڵمانێکی سوننی مولتەزیم بکات لەسەرەتا، وەک دەڵێن (سەربەهەوێ) هیچ کەس.

ئافرەتەکان ئامادەنین پیاو ژنیان بەسەر بێنێ بەهیچ جۆرێ، خۆ دەڵێن ئاساییە : بەس لەواقیع وانالێن.

إبن عمر فەرموودەیەکی خوێندەوە لەسەر ئیزندانی ئافرەت بۆ مزگەوت کوڕەکەی گوتی : والله ڕێگەیان پێنادەم ! فەرمووی والله قسەت لەگەڵ ناکەم، لەسەرە مەرگیش کاتێ بەتێریک بریندار کرا کوڕەکەی ڕۆیشتە لای ڕووی لێ وەرگێڕا.

تۆ وابکە ؟ دەڵێ ئیمانی ئەوانمان نییە.

ئێ تۆ بیهێنە ؟ دەڵێ : تەقوای ئەوانمان نییە.

ئێ تۆ ئەنجامی بدە ؟ دەڵێ :عیلمی ئەوانمان نییە.

ئێ باشە ئێمە لە عیلم و لە تەقوا و، عیبادەت و، بەخشین و، ژن هێنان و مێردکردن و، هەجرکردن و هتد، لەهیچ وەکو ئەوان نین . ئێ لەبەرچ بڵێین مەنهەجی سەلەف . کاکە والله مەنهەجی خۆمانە و سەلەف لێی بەرییە، بەسیەتی بوختان بەناوی ئەوان.

دەزانن چۆنــە ؟

ئێمە لەسەر کتێب و پۆست و قسە لەسەر مەنهەجی سەلەفین، گەرنا بەعەمەلی مەنهەجی تایبەت بەخۆمان هەیە ئەوە حەقیقەتە ، پێیان خۆشبێ یان نـــا، بۆیەش باسمکرد تاوەکو خۆمان بگۆڕین و خۆمان چاک بکەینەوە.

هەستکردن بە ناڕەحەتی موسڵمان لە ئیمانەوەیە

هەستکردن بـە ئازار و ناڕەحەتی موسڵمـان لە ئیمانەوەیـە.

بەپێی فەرموودە : (هەرکەسێک ناخۆشی ، ناڕەحەتی ، ئازارێك ، لەسەر موسڵمانێ لابەرێت ، الله عزوجل بەهەمان شێوە لەقیامەت لەسەری لادەبـات)

ئەگەر خەمی براکەت خەمت بوو ، ئازاری ئەو ئـازارت بوو ، ئیتر ئەوە لەئیمانەوەیـە.

سەیرکـەن:

هەستکردن بە ئازاری موسڵمانێك کە تێیدا دەژی، لە دووری سەدان کیلۆمەتر ، یان وڵاتێک لێت دوورە ،هەڵبەتە لە ئیمانەوەیـە.

بەڕاستی ستەمە ئەگەر بینیت و زانیت بـراکەت یان هەر موسڵمانێک بە سەختیەك یان ناڕەحەتییەکی لەسەرە بەجێی بێڵیت.

بەجددی ئێمە تینووی هەموو شتێکین، گەر نەیخۆینەوە ئەخنکێین.

تینووی : عیلمین.

تینووی : زوهدین.

تینووی : ڕاستگۆیین.

تینووی : عیبادەتین.

چونکە ئەوانە وەك ئـاو وان بـۆ ڕێبوارێکی بیابان، گەر نەیخواتەوە دەخنکێ ، بۆیـە زۆرینەمـان لەتینوویەتیدایـن ، بۆچی خۆمان بەدەستی خۆمان بخنکێنین ، کە دەرفەتی ڕزگاربوون هەیە چ پێویست دەکات نەیکەین و ئەنجامی نەدەین.

گوڵبژێرێك له باسكردنی " تاقیكردنەوە و سەختییەكانی"

زۆركـــــات موسڵمـان وا هەست دەكـات كەوا تەنها ئەو له دونیـا تاقیدەكرێتـەوە ، جگە لەو دونیـا شامی شەریفــە ، نەخێر بـەڵكو هەموو كەس بێ جیـاوازی، هەموو كەس تـا مردن لەژێر تاقیكـردنەوەیـە، بۆئەوەی ڕاستگـۆ و درۆزن دەرچێت و دیـاركەوێ.

ئەوەی گـرنگە موسڵمـان بیزانێ هەریـەكەو بەپێی ئیمانەكـەی تاقیدەكرێتـەوە ، چەند ئیمانت بەهێزبێ و لەخواترس بیت تاقیكردنەوەكـەت هێندە سەختترە ، واتـە كە بینیت تـاقیكردنەوەی تـــۆ لەگەڵ دەوروبـەر زۆر قورسترە، ئـەوە بزانە بەهۆی بەهێزی ئیمانەوەیـە.

بەڵكو هەندێ كـات بۆ پاككردنەوەی تـاوانی زۆرە، **بۆئەوەی نەبێتە** سزای ناو گۆڕ بۆت، یـان سزای دواتر.

گرنگە ئێستـا لەسەر هیدایەت و ڕێگای ڕاستی ، بەڵام لەو زۆر گرنگتر بەردەوام بـوونت و مانەوەتـە لەسەر ئەو ڕێگـایە.

بۆیە دەڵێن : **إنما الأعمـال بـالخواتیم.**

جیگیربوون و مانەوە و ئارامگری لوتکەی سەرکەوتنتە لەتاقیکردنەوەکاندا.

ڕزگاربوونت لە تاقیکردنەوە بەجۆرێکە هێندە بێتاقەت دەبی تا هەست بەوە بکەی و بڵێی کەی ؟ هەمیشە ئەو ئایەتەمان لەبیر بێت : {حَتَّىٰ يَقُولَ الرَّسُولُ وَالَّذِينَ آمَنُوا مَعَهُ مَتَىٰ نَصْرُ اللَّهِ}

سەیرکەن:

تازە دونیای هەموومان دەستی پێکردووە بەرەو کۆتایی دەچێ، چونکە هەموو دەستپێکێک کۆتاییەکی هەیە، ئەوەی گرنگە موسڵمان بیزانێت ، کۆتایی ئێمە مردنە، سەرەتا گەورەترین و دوورترین ڕێگایە ، مردن تەنها گواستنەوەیە.

لەسەردەمی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم ئافرەتێک منداڵێکی لێ مردبوو لەسەر گۆڕەکەی دەگریا و پێغەمبەریش بەلای تێپەڕی و پێی فەرموو: : لە الله بترسە و ئارام بگرە ،

ئەویش پێیگوت : وازم لێبێنە تۆ نازانی من لەچ حاڵێکدام.

پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم جێی هێشت.

هاوەڵانیش گوتیان : نەتزانی ئەوە کێ بوو ؟

گوتی: نەخێر.

گوتیان ئەوە پێغەمبەر بوو صلى الله عليه وسلم.

ئینجا بە ڕاکە ڕاک هاتە لای پێغەمبەر، گوتی من نەمزانی و وا و ...

پێغەمبەرصلى الله عليه وسلم فەرمووی:

(**إنما الصبر عند الصدمة الأولى**) واتە : ئارامگری و خۆگرێت لەکات و ساتی یەکەمدایە، لەو کاتەی کەوا بەسەرت دێ و دەکەوێتە ژێر تاقیکردنەوە ، لەوکاتە گەر ئارامگر بیت پاداشت و ئەجری نەبڕاوەت هەیە، چونکە ساتی یەکەم لەدەستدان سەختترینە ، لەو سەختتر ئارامگرییە لەسەری بۆیە الله عزوجل دەفەرموێ:

{وَبَشِّرِ الصَّابِرِينَ ۝ الَّذِينَ إِذَا أَصَابَتْهُمْ مُصِيبَةٌ قَالُوا إِنَّا لِلَّهِ وَإِنَّا إِلَيْهِ رَاجِعُونَ}.

له ژیاننامەی پێغەمبەردا هاتووە کاتێک لەجەنگی ئوحددا کافرەکان تەنگیان بە پێغەمبەری الله صلی الله علیه وسلم چنی و دەوریان دا بیکوژن، یەک یەک هاوەڵانی ئەنسارِ شەهید دەبوون ، ئەبوطلحة بەجۆرێک لە دەوری بوون تیری دەهاوێشت یەک کافر لێی ڕزگاری نەدەبوو ، ئەبو طلحة پەنجەیەکی قرتا، گوتی : (ئەخ) پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم فەرمووی : گەر بتگوتبا: (بسم الله) فریشتەکان بە بەرچاوی هەموویان بەرزیان دەکردیەوە.

مەبەست لەسەختی ساتی لە دەستدانە .

بۆیە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم دەست و پەنجەکانی بریندار بوو، خوێن لە دەموچاوی پیرۆزی دەهاتە خوار و دەیفەرموو:

تۆ تەنها پەنجەیەکی لە پێناو الله بریندار بووی.

بۆیە هەندێک جار سەختی تاقیکردنەوەکان ئەوەندە قورسە لەسەرت لەپێناو ماڵی ئاخیرەت ناچار دەبی ئەوەی هەتە و بەدەستت هێناوە فڕێی بدەی و وازی لێبێنیت.

کـاتێ موهاجرین کۆچـیان کرد بـۆ مەدینـە وازیـان له ماڵ و حاڵ و خانوو و هەموو شتێـک هێنـا، ڕۆیشتن بـۆ مەدینـە بەجۆرێك هەندێکیان هیچ شتێکیان نەبوو، له مزگەوت دەخەوتن، بێ ماڵ و حاڵ، بێ جێگا و ڕێگابوون.

بەڵام بەو هۆیە بوونە ڕەمزی شکۆ و قوربـانی دینی ئیسلام تا قیامەت، بەجۆرێك دواتر الله خەڵکانێکی بـۆ موسەخەر و ژێربارکردن کە ماڵ و موڵکیان لەگەڵ کردنـە نیوە.

واتـە هەم دونیـا و هەم قیامەتیشیان بەدەستهێنـا ، کەواتە خودی تاقیکردنەوە لە پێناو بەندەیە، چونکە الله عز وجل ئیمان نادا بە کەسێک مەگەر خۆشی نەوێت ، هەروەها الله تعالی بەندەیەکی خۆش نەوێ تاقی ناکاتەوە ، بۆ نمونە:

پێغەمبەران نزیکترین خۆشویستراوانی الله ن عزوجل، بەڵام لەهەموو کەس زیاتر تاقیکراونەتەوە ، بە سەختترین تاقیکردنەوە ، بەجۆرێک بیرکردنەوە لێی شۆکت دەکات ، دەتتاسێنێت ، لەجێگەی خۆت هەست بە لەرز دەکەی.

پێغەمبەر ئیبراهیم ی علیه الصلاة والسلام به ئاگر و سوتاندن تاقیکردەوه ، بەجێهێشتنی ئازیزترینەکانی خۆی ژنێک و منداڵێک لەبیابانێک بێ هیچ شتێک، بێ ئاو، تەنها تورەگەیەک به خورما، خێزانی بەدوای کەوت و پێی فەرموو :**فتبعته أم إسماعيل ; فقالت : يا إبراهيم ! أين تذهب وتتركنا بهذا الوادي الذي ليس فيه إنس ولا شيء ، فقالت له ذلك مرارا وجعل لا يلتفت إليها ، فقالت له : آلله أمرك بهذا ؟ قال : نعم . قالت إذا لا يضيعنا ; ثم رجعت .**

سبحان الله لوتکەی بەندایەتی و عیبادەت ئەوەیە، ڕۆیشت بێ ئاوڕدانەوه تەنها فەرمووی : الله فەرمانی پێکردم ، که وای فەرموو :

خێزانی فەرمووی : کەواته الله لەبیرمان ناکات ، بێ وەی نابین ، چونکه ئەو پشت و پەنامانه.

ئەوه مەوقیفه وا ئاسان نییه سەختە، بەجۆرێک ناتوانی یەک چرکەش بەو شێوه ئیمانەی هەمانه بیری لێبکەینەوه.

ئینجا لەو سەختتر بۆی ، تاقیکردەوه بەسەربڕینی جەرگی شیرینی، کاکه والله سەختە ئێمه ناتوانین بیریشی لێبکەینەوه ، یەک چرکه بیری

لێبکەیەوە دەلەرزی و لەرز و تا دەتگرێ، دەزانی بۆچی ؟ چونکە ئیمانمان لاوازە وەکو ئەوان نین ، پیرەپیاوێک لە تەمەنێکی پیری منداڵێکی پێ ببەخشرێ و تاقیبکرێیەوە بەوەی سەری ببڕی!

لەو گرنگتر، منداڵێک لەو تەمەنە بەو ملکەچیەوە گوێڕایەڵ بوو، خۆی ڕۆیشت بەجۆرێک بە بەرد شەیطانی دەرکرد ، بۆچی ؟ چونکە کوڕێک پەروەردەی ئیبراهیم بێ دەبێ چۆن بێ ، لەکاتێکدا الله عزوجل وەسفی کردووە بەوەی ئیبڕاهیم بە تەنها ئوممەتێک بوو لە تەوحید.

پێغەمبەر ئەیوبی بە جۆرێک تاقیکردەوە زۆرترین ماڵ و موڵک و منداڵی هەبوو ، هەمووی لەدەستدا ، بەجۆرێک نەخۆش کەوت تەنانەت دەریان کرد فڕێدرا ، بێ کەس و پەنا مایەوە ، جگە لە خێزانەکەی، کە لە هەندێ تەفسیری ئیسڕائیلیات هاتووە خێزانەکەی (کرمی لەجەستە دەکردەوە) سبحان الله .

ئەیوب لەو سەختیە تەنها فەرمووی : {وَأَيُّوبَ إِذْ نَادَىٰ رَبَّهُ أَنِّي مَسَّنِيَ الضُّرُّ وَأَنتَ أَرْحَمُ الرَّاحِمِينَ} . تەواو زیاتری نەگوت ، هەندێک دەڵێن : دوای حەڤدە ساڵ ئینجا ئەو دوعایەیی کرد، هەندێکیش دەڵێن بەردەوام دەیگوتەوە،

ئەوەیە تاقیکردنەوە کە ناوی (صبر) دێ، هەموومان بیرمان بۆ ئەیوب دەچێ، بوونە ڕەمز ، شکۆ ، شانازی هەموو شت.

نمونەکان وەکو کەفی دەریا زۆرن، بەڵام گرنگە موسڵمان بزانێ کە تاقیکرایەوە واتای چییە، چی لەسەرە و پێویستە چیبکات.

تاقیکردنەوەی الله عزوجل بۆ بەندە ئیماندارەکانی نیشانەی خۆشویستنە.

چونکە لە فەرموودەی : متفق علیه دا هاتووە : نمونەی موسڵمان وەکو ڕوەکێکی تازە وایە، (با) جارێک بۆلایەک و جارێك بۆ لایەکی تر دەیهێنێ و دەیبا.

نمونەی مونافق وەکو داری سنەوبەر وایە، توند و تۆڵە تا بەیەکجار لەڕەگەوە دەردەهێنرێ.

واتـــە:

موسڵمان بەردەوام تاقیدەکرێتەوە بـە نەخۆشی، بە ماڵ، بەمنداڵ، بە هەموو شت، تـــا ئەو کـاتەی دەگەڕێتەوە لای اللـە.

کەسی بێدین و مونافق توند و تۆڵە، زۆر کەم تاقیدەکرێتەوە تـــاوەکو بەیەکجار دەمرێ.

واتـە تۆ ئێستـــا کە لە تاقیکردنەوەدای بەهەر جۆرێك بێت دڵت خۆشبێ و، پێی ئاسوودە بە و ئارامی لەسەر بـگرە، چونکە ئاماژەی ئـەوەیـە لە خۆشەویستان بیت لای اللە.

گرنگە موسڵمـان بێ ئومێد نەبێ و ئـارامگر بێ و، دڵنیا بێ لەو ڕێگەیەی کە گرتویتیەبـەر، چونکە ڕێگای بەهەشت زۆر ئەستەمە، پڕ دڕگ و دارە.

تـــــــۆ لەژیـاندا لـە دوو شت دای، هەردووکی تـــاقیکردنەوەیـە، ئەوانیش:

خۆشگوزەرانی و نیعمەت.

سەختیی و ناڕەحەتـــــی.

لەکـاتێکدا لە نیعمەت و ئاسوودەیی و خۆشگوزەرانی تاقیدەکرێیـەوە بە

(سوپاسگوزاری) گەر سوپاسگوزاربووی بـۆت زیاتر دەبێ : قال الله عزوجل : {رَبُّكُمْ لَئِن شَكَرْتُمْ لَأَزِيدَنَّكُمْ }

ئەگەر پێی نەزانی و سوپاسگوزار نەبی :{ وَلَئِن كَفَرْتُمْ إِنَّ عَذَابِي لَشَدِيدٌ}.

لەکـاتی ناڕەحەتی و سەختی دا:

تاقیدەکرێیـەوە بە (ئـــــــارامگری) گەر ئارام بگری الله عزوجل دەفەرموێ : {إِنَّمَا يُوَفَّى الصَّابِرُونَ أَجْرَهُم بِغَيْرِ حِسَابٍ}.

گەرنـــــا ڕەنجەڕۆی، چونکە ناشکوری لە نیعمەت و سەختیدا هەردووکی وێرانکەرە.

زۆرجـار الله عزوجل دەرگایەکت لێدەکاتەوە کە نیعمەتە و خێرە، سوپاسگوزار بە، چونکە خۆشیویستی.

ئەو شتەی موسڵمان پێویستە شانازی پێوە بکات دوای مردن

هەموو جوانی و بەژن و بـاڵات و، لار و لەنجەو فیزەکـانت ،

چاک بزانە تەنها چەند پڕوشکە ئێسکێکـە زیاتر نییە،

کە ئێمە شـانازیمان پێوەی دەکـرد و وا گومانمان دەبرد بۆ هەتاهەتایە،

مرۆڤ پێویستە پەندێک لەو منداڵە ساوایە وەربگرێ کەوا تازە

دێتە دونیـاوە ، ئەوەی دەیبینی خۆشی دەوێ و دڵخۆشە پێی ،

هیچ کەسێک نیە ببینێ مەگەر خۆشی نەوێ، تا ساڵ دوای ساڵ

هەمان منداڵی خۆشەویست وردە وردە نامۆ دەبێ ، وردە وردە خۆشەویستەکانی نەرمە ڕقێکیان بۆی زیاد دەبێ ، وردە وردە لەگەڵ هەر ساڵ و ڕۆیشتنێک و سەرکەوتنێکت بەسەر پایەک لەپایەکانی بەرەوپێش چوونی ژیانت ، خۆشەویستانت زیاتر و زۆرتر نامۆتر دەبن، تا وایلێدێ زۆرینەی زۆری دڵگران دەبن ، ناڕەحەت دەبن بەبینینت بەدڵخۆشی ، غەمبارن کە سەرکەوتی ، ئیدی حەسادەتیش دایان دەگرێ و ئاواتی نەمانت لێدەکەن.

بۆچی ؟

چونکه لەکوڕەکەی من بـاشتره .

چونکه له کچەکەی من باشتره.

چونکه لەخانوەکەی من خۆشتره .

چونکه لەشەهادەکەی من بەرزتره .

چونکه جوانییەکەی له من زیاتره.

چونکه خەڵك زیاتر لەمن خۆشیاندەوێ.

چونکه نامەوێ ببینم ، ڕقم لێیەتی ، نامورتاحم.

ئەوەیە حەقیقەتی زۆرینەی مرۆڤەکان تا له پیری فرێت دەدەن.

بەڵام بێ ئومێد مەبە ، من له دووڕەوە تروسکاییەک شک دەبەم لەو تاریکییە دەرت بێنێ ، سەیرکە ئومێدێک هەیە پێت دەڵێ تۆ پێویستە

پێش فڕێدانت ئەوان فڕێ بدەی ، خۆیان و دونیاکەیان ، تۆ بە دونیاوە قیامەت بەدەستبێنە ، کە جاهیلی هەڵستە و دەست بدە قورئانەکەت

بیخوێنەوە و خەزنی بکە و تێیبگە، ئینجا کاری پێبکە، ئینجا دایکێک بۆ منداڵەکەت پەروەدە بکە ، ئینجا لە ماڵەکەت ببەخشە ئەوکات:

عیلمەکەت:

منداڵەکەت:

خێرەکەت:

عیلمەکەت گەر لەپێناو اللە بوو، تا قیامەت بۆت جێگای شانازییە و شایستەی شانازییە ، چونکە عیلمەکەت ئوممەتێک پەروەردە دەکـــــات،

منداڵەکانت تا مردنیان بەهۆی پەروەردەت دوعات بۆ دەکەن.

منداڵەکەت : گەر لەسەر سوننەت پەروەردە کردبێ.

ماڵەکەت : گەر لەپێناو اللە بەخیشی بێت.

واتە تۆ دەبێ لەو پێناوە بژیت .

که عیلم بەدەستبهێنی تـا خۆت منداڵەکەتی پێ پەروەدەکەی، گەر لەتە خورمایەکیش بێ سوودبەخشە بۆت.

ئەو سیفاتانەی موسڵمان دەبێ هەیبێت

هـاوەڵانی ئـــەنصار

پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم بەگەورەیی خۆی دەیفەرموو : گەر هیجرەت نەبووایە حەزم دەکـرد لە ئەنسـارِ بووایەم ، خەڵک هەمووی لە دۆڵێك و ئەنسارِ لە دۆڵێکی تـر.

بۆچی ؟

چونکە کـاتێك موهاجرین ڕۆیشتنـە مەدینە هیچیان نەبوو، ئەنسارِ بەجۆرێک پێشوازیان لێکردن هەرچی ماڵ و مووڵکی خۆیانـە کردیـانە نیوە لەگەڵیـان .

تەنانەت خێزانەکانی خۆشیان، دەیانگوت : من دووم هەیە کامیانت دەوێ تەڵاقی دەدەم بۆت!!

ئەوە مەوقیفە کەم نییە ، تا قیامەت هەموو ئوممەی ئیسلامی شـانازی پێوە دەکەن.

کەواتە لە ئێستا و داهاتوودا موسڵمانی ڕاستەقینە لە مەوقیفە سەخت و دژوارەکـــان دیار دەکەون .

سەیری خۆشی مەکە، چونکە هەموو کەس لەدەورت دایـە ، ئەوکاتەی لێت قورس و سەخت بوو لە ناڕەحەتی، تەنها خۆشەویستانت لە دەورتن.

بۆیە موسڵمان دەبێت چ شتێکت بۆ خۆت پێ خۆشە بۆ برا موسڵمانەکەت یان خوشکە موسڵمانەکەت پێت خۆش بێ، دەبێ وەکو نەفسی خۆت پێت خۆشبێ ، بۆ نمونە : بۆخۆت پێت خۆشە خانووت هەبێ، یان سەیارە، یان ژنت هەبێ، یان شوو بکەی یان قورئان حفظ بکەی، یان عیلمی شەرعی بزانیت، هتد.

خەمی براکەت بێ ، خەمی خوشکەکەت بێ، مەبەستم لە موسڵمانیەتییە ، خەمت بێ کاتێ دەبینی نەخۆشە و دوعای بۆ بکە و سەردانی بکە، پێی بڵێ چیت پێویستە و چیت دەوێ، واتە لەخەمی دابە بۆ ئەوەی ئەویش لەخەمت بێ و هەستبکا تەنها و تەنها برایەتییەکە دینیە و قیامەتیە، تا زیاتر پێداگربێ لەسەر ئەو مەنهەجەی لەسەریەتی.

كه براكەیت بینی بێتاقەتە هەوڵدە بیدوێنێ گەر كێشەی هەبوو ببە بەشێك لەچارەسەری كێشەكەی، نەك ببیتە بەشێك لە كێشە بۆی ، دەستی یارمەتی درێژكە بۆی گەر بینیت نەداره یان قەرزداره، سەیركە ئەمڕۆ ئەو وایە بەیانی تۆ وایت.

هەرگیز و هەرگیز تكایە تكایە، نەكەن غەیبەتی براكەت یان خوشكەكەت بكەی، مەبەستم ئەوەیە تۆ كە پیاوی یان ئافرەتی بەهەر شێوەیەك بێ .

كاتێ برای موسڵمانت لایە ڕووبەڕوو پێی پێدەكەنی و قسەت خۆشە، نەكەی كە لێت ون بوو لای برایەكی تر زەمی بكەی یان باسی كەی ، تكایە باسی یەك مەكەن مەگەر بە باشە نەبێ .

نابێ و ڕێگە پێدراو نییە و حەڕامە لەسەرت وریابە ، خۆ ناكرێ تۆش وەكو ئەوانی تر بیت.

تۆی موسڵمان هەرگیز گوێت شل مەكە كاتێك باسی براكەت دەكرێ، ناكرێ بێدەنگ بی كاتێ گۆشتی براكەت بەمردوویی دەخۆن ، بێدەنگ بوونت نیشانەی ڕەزامەندییە ، ئەوەش بزانە ئەو كەسەی باسی براكەت

دەکات لای تۆ ، بەهەمان شێوە یەقینت هەبێ باسی تۆش دەکات لای یەکێکی تر.

سەیرکە من پێت دەڵێم : کاتێ وتەیەک یان کردەوەیەکت لەمن بینی لەشوێنێک، یان گێڕدراوە بۆت بە دڵت نەبوو مەیخە دڵت و لەدڵی بگری و بیشاریەوە، چونکە جارێکی تر گەر هەڵت گرت بۆ جاری سێیەم دڵت دەشکێ و چابونەوەی مەحاڵە، گەر چاشبێتەوە سارد بونەوە هەیە، نەخێر وامەکە، بەڵکو پێویستە بێی و بڵێی: ئەو شتە و قسە و باسەتم لە دڵە ، بەو شێوە برایەتی دەپارێزی و ڕێگریش دەکەی لە شەیطان، تاوەکو زاڵ نەبێ بەسەرت و برایەتیت نەهێڵی.

هەمیشە ئینسافت هەبێ لە وەسفی براکەت، چونکە گەر وەسفت کرد بەشتێک تێیدا نەبوو بێ ئینسافی، یان وەسفت کرد بەشتێک تێیدابوو کەمت کردەوە دیسانەوە بێ ئینسافی.

بە بیستن و بینیتی یەک هەڵە و کەم کوڕی زەڕبی سفڕی مەکە، سەیری هەڵەکە بکە لەپێوانەی شەرع، گەر بچووک بوو چاو پۆشی لێبکە، گەر گەورە بوو ئاگاداری بکەوە، کێ دەڵێ ئاگای لێیە و تۆ نابیتە هۆی ئەوەی بیپارێزیت لە کەوتن و تێکەوتن و لادان.

ئەو شتانە پێویستە بکەیە بنەمای ژیانت تا مردن، چونکە بەشێکی گرنگی خۆشبەختی ژیانت بەو لایەنەوە بەندە، جێبەجێکردنی واتایی جێبەجێکردنی دەیان ئایەت و فەرموودەیە.

فهرست

پێشەکی ٥
ئامانج لەهەوڵدانت بۆ فێربوون چیە ؟ ١٠
بیانوە بێ بنەماکان لەپێناو خۆ دزینەوە لە عیلمدا. ١٧
بـۆ ئەوەی لە کۆمەڵی ڕزگاربوو بیت لەسەردەمی فیتنەدا. ٢٢
جیاوازیەك لەنێوان طالب علم و کەسێکی ئاسایی ٢٥
مەرگی عیلمی ئەوەیە بتەوێ زوو بگەیتە لوتکە. ٣٢
نابێ تـا مردن مرۆڤ دابڕێت لە فێربوونی عیلم ٣٤
فێرخوازی زانستی شەرعی دەبێ پێشەنگ بێ لە ئەدەب ٤٠
ئامۆژگاری گەنجی موسڵمان بۆ هەڵبژاردنی زەواج ٤٧
پێویستە چی بکەین لە هەڵبژاردنی ئەو پڕۆسەیە لە پێشدا ٥٢
بونی کەسێکی دەستپاک و ڕاستگۆ بۆ پیاو و ئافرەت ٥٦
دەرگای خێر پێویستە زوو هەنگاوی بۆ بهاوێی ٦١
ئەو ئاستەنگـانەی لە بەردەم دەرگای خێر ڕووبەڕووت دەبنەوە چییە ٦٤
بیرخستنەوەیەک بۆ ئەو تەمەنەی بەفیڕۆت داوە پێش مردن ٦٦

کۆچ له ماڵێکەوە بۆ ماڵێکی تر ٦٩

خۆپاراستنی موسڵمان له نەخۆشییەك ٧١

ژیان لەسەر سوننەت و بەپێی سوننەت ٧٤

سەرزەنشتکردنی نەفسمان بەوەی تەنها (قسەیە نەك کردەوە) ٧٩

هەستکردن بە ناڕەحەتی موسڵمان له ئیمانەوەیە ٨٣

گوڵبژێرێك له باسکردنی " تاقیکردنەوە و سەختییەکانی" ٨٥

ئەو شتەی موسڵمان پێویستە شانازی پێوە بکات دوای مردن ٩٥

ئەو سیفاتانەی موسڵمان دەبێ هەیبێت ٩٩